

# نابێ بە هەندێك بیانووەوە، سنوورەكانی ئازادی بەرتەسك بكرێنەوە

محەمەد حاجی كەریم

ڕۆژنامەڤانی مافی ئەوەی هەیە، بچێتە بنج و بنەوانی مەسەلەكان، لە هەر بابەتێك بكۆڵێتەوە، كە پەیوەندی بە ژیانی خەڵكەوە هەبێ، بەدوای ڕووداوی نوێدا بگەڕێ، لە پێشبڕكێی پەیداكردنی هەواڵی گەرم و بەدەستهێنانی زانیاری جۆراو جۆر دابێ. ئەركی ڕۆژنامەگەرییە چاوی كامێراكان بەڕووی دەسەڵات، یان ئەوانەی ئەركی بەڕێوەبردنی وڵاتیان لە ئەستۆدایە والاّ بكات. بەو مانایەی لەبەرامبەر كەموكوڕی و گەندەڵییەكانی كۆمەڵگا و هەڵەی كاربەدەستان و دیاردەگەلی جیاجیا، لایەنی پەیوەندار بەئاگابێنێ و ڕوو بەڕووی پرسیاری بكاتەوە.

بوونی ڕۆژنامەی پڕۆفیشناڵ لە بەرژەوەندی وڵات، یان بەمانایەكی دیكە بەرژەوەندی گشتی دایە. هەر وڵاتێك خاوەن بزوتنەوەیەكی ڕۆژنامەوانی چالاك بێت و ئازادی نووسین و ڕادەربڕین بوونی هەبێ، دیاردە نێگەتیڤەكان كەمتر دەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە وڵاتی بێ ڕۆژنامەی ئازاد و ڕەخنەگر نوقمی بێ یاسایی و گەندەڵی و نابەرابەری دەبێت.

ئاخۆ ڕۆژنامەگەری كوردی چەندە لەو ڕەهەند و پرەنسیپانەی، كە ئەركی ڕۆژنامەوانی دیاردەكەن، نزیك كەوتۆتەوە، كاتێك ئەو پرسیارە دەكەین، تەمەنی ڕۆژنامەگەری كوردی سەدو هەشت ساڵە، لەدوای ئەویش پازدەساڵە لە سایەی دەسەلاّتی كوردی، مومارەسەی كاری ڕۆژنامەنووسی دەكەین.

جێی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ میدیای كوردی تاچەند بە ڕووی خەڵك كراوەتەوە؟ چەندە توانیوویەتی خوێندنەوەیەكی ڕەخنەگرانە بۆ ڕووداو ودیاردەكان بكات! جاری بەشی زۆری ڕۆژنامەكانی ئێمە بەو پێیەی مینبەری سیاسی و ئایدیۆلۆژین و لەلایەن حزبەكان ئاراستەكراون، نەیانتوانیووە بە مانا ڕاستەقینەكەی، ببن بە ئاوێنەی تاكەكان و هەموو لایەك خۆیان لەنێودا ببیننەوە.

بۆیە خۆ لە قەرەی زانیاری و زۆر هەواڵی گرنگ نادەن. میدیای كوردی ئەوكرانەوەیەی، كە لە بنەڕەتەوە بۆ ڕۆژنامەگەری پێویستە، بەخۆیەوە نەبینیووە. زۆر بەكەمیش ڕاپۆرتی زیندوو، یان شرۆڤە و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەی كوردی ئامادەیی هەیە. هەرچی پەیوەندی بە هەواڵ و دەنگ و باسیشە، ئەوا بەدەر نیە لە كەمو كوڕی و ناتەواوی، هەواڵی گەرم و ڕاپۆرتی زیندوو وەك گرنگترین و دیارترین ڕەگەزەكانی ڕۆژنامە لای ئێمە هێشتا ونە. ڕاستە ئەگەر لە هەر ڕۆژنامەیەك ڕامێنیت، یەك دوو لە لاپەڕەكانی بۆ بلاّوكردنەوەی هەواڵ تەرخانكردووە، بەلاّم ئەگەر بەوردی لە نێوەڕۆكی ئەم هەوالاّنە ڕامێنین، سەدا نەوەدو پێنجی ناچنە خانەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی و لە بێ مانایی بترازێ، شتێكی دیكە ناگەیەنن. هەواڵی زیندوو ئەو هەوالاّنەن كە پەیوەندیان بە ژیانی خەڵكەوە هەبێ، نەك پەیوەست بن بە سەردان وچالاكی بەرپرسان، كە لە بنەڕەتەوە ئەركی خۆیانە و خەڵكیش قێز لەو جۆرە هەوالاّنەدەكاتەوە، دواجار هەموو ئەمانەش بە زیانی ڕۆژنامەگەری تەواو دەبن. ئەوەی میدیای كوردی بچووككردۆتەوە، دەرچوونە لە وەزیفەی ڕاستەقینەی خۆی، بەتایبەت میدیای حزبی، بەرپرسێك ئەگەر لە ئۆرگانی خوارەوەی حزبیش بێت، وادەزانێ كامێرامان و پەیامنێرانی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی ئەو حزبە، كرێگرتەی ئەون و كارێكی تریان نیە، دەبێ وەك سێبەر بەدوایەوەبن و چالاكییەكانی نمایش بكەن. خۆ ئەگەر واش نەكەوتەوە لە كارمەندانی ئەو كەنالاّنە دەكەونە تەقە و هەزارو یەك تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستن.

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە لەم چەند ساڵەی دواییدا جۆرێك هەواڵی گەرم و بەدواداچووونی ڕۆژنامەنووسی، لەهەندێك ڕۆژنامەی كوردی بەرچاو دەكەون، ئەكرێ ئەم ئەزموونە وەك سەرەتایەكی نوێی دنیای ڕۆژنامەوانی كوردی لێكبدرێتەوە. خوێنەرو بینەری كورد لە میدیا دەخوازێ پتر ڕوو لە كرانەو بلاّوكردنەوەی هەواڵی تازە و گواستنەوەی واقیعی ناو كۆمەڵگای كوردستان بكات، كەموكوڕیەكان بخاتە ڕوو، پرسیاری جددی سەبارەت بە پرسە سیاسی و كۆمەلاّیەتی و ئابوورییەكان بخولّقێنێت.



بێگومان كەموكوڕی و ناتەواویەكانی كوردستان هێندە زۆرن و ئەوەندە بە فراوانی ڕووچوونەتە نێو كایە جۆراو جۆرەكانی ژیان، پێویستیان بە بەدواداچوون و شرۆڤەكردنی پتر هەیە. نابێ بە هەندێك بیانووەوە، سنوورەكانی ئازادی بەرتەسك بكرێنەوە، ڕۆژنامەگەری تەنها یەك بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆدایە، ئەویش پابەندبوونە بە پرەنسیپی ڕاستگۆیی و لەبەرچاوگرتنی هەقیقەت. ڕەنگە ڕۆژنامەڤان لە ڕێگای گەیاندنی ئەو پەیامە دووچاری گرفت و سەرئێشە ببێتەوە و هەڕەشەشی لێبكرێت، چونكە تۆیت دەبیتە چاودێر بەسەر هەڵەكانی ئەو و لە بەرژەوەندییە تایبەتیەكانی دەدەیت. بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا بەرەیەكی بەرفراوان سەنگەری بەرامبەر میدیا و دەنگە ئازادیخوازەكان گرتووە، لە كۆڕو مەجلیسانیشدا دژیان دەدوێن و داوای بەرتەسككردنەوەی سنووری ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەمبەستكردنی ڕۆژنامەنووسان دەكەن، كە ئەمەیان بۆخۆی جێی مەترسیە، ئەگەر سەندیكای ڕۆژنامەنووسانیش بە پڕۆژە یاسای ڕۆژنامەنووسی خۆی، سنووری ئازادییەكان بەناوی داب ونەریت وپیرۆزییەكان بەرتەسك بكاتەوە، ئەوا كەناڵەكانی ڕاگەیاندن هەر بە پاشكۆیی و ڕۆژنامەڤانانیش بە فەرمانبەر دەمێننەوە.

# دەوڵەتێکی کوردی لاوازمان ناوێت

نەریمان تاڵب

ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین باس لە دامەزراندن، یان دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکەین، بگرە زیاتریش دەتوانین باس لەوەش بکەین، کە چۆن دەوڵەتێکی کوردیمان دەوێت، ئێستا گرنگ نیە ئێمە دەتوانین دەوڵەت دروست بکەین یان ناتوانین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پێدا بگرین، کە چۆن دەوڵەتێکمان دەوێت دروستی بکەین، نابێت بمانەوێت دەوڵەتێکی لاوازو شکست خواردوو دروست بکەین لە چەشنی ئەو دەوڵەتانەی، کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیەوە ئینگلیزەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستیان کردوون و ( تاک و تەرایان نەبێت ) تا بە ئەمڕۆش دەگات، جۆرە دەوڵەتێکن، کە نەیانتوانیوە ئاستێکی پێگەیشتن و پێشڤەچوونێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستی و زۆر جاران ئابووریش بۆ هاوڵاتی خۆیان دابین بکەن، کەواتە ئەو دەوڵەتە کوردییەی، کە چاوەڕوان دەکرێت کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستی بکات، پێویستە لە ڕووی یاسایی و سیاسی و کارگێری و سەروەرییەوە دەوڵەتێکی ڕاستەقینە بێت.

نزیکەی سەد ساڵێك دەبێت کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوایی، چەندین خێڵ و نەتەوەو تایەفەو بنەماڵەو توێژو چینێکی دیاری کراوی پێشخستووەو دەوڵەت و دەوڵەتۆکەشی بۆ دروست کردوون، بەڵام دەبینین تا ئێستا ئەو دەوڵەتانە لاوازن، چونکە لە کاتی دروست کردنیاندا هەلومەرج و هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هۆشیاری سیاسی و نەتەوایەتیان بەو ئاستە باڵایەی ڕۆح نەگەیشتبوو، کە پێویستە لە دروست کردنی دەوڵەتدا، مرۆڤەکانی نەتەوەیەك پێی بگەن، هەر بۆیە ئەمڕۆ ئەو جۆرە دەوڵەتانەی خۆرهەڵاتی ناوین، نەك ژیانێکی سەرفرازییان بۆ مرۆڤەکانیان دەستەبەر نەکردووە، بەڵکو بونەتە سەرچاوەیەکیش بۆ تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو زۆر جاران جیهانیش. نەك چەوت و چەوێڵترین دەوڵەتی جیهانن، بەڵکو بوونەتە لانکی دروست بوونی تیرۆرو هەناردنە دەرەوەی تیرۆریش.

ئەمڕۆ ئیتر ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نە دروشمی سیاسیە و نە هەڵپەیەکی نەتەوەییانەی بزاڤێکی ناسیۆنالیستی، یان حەزێکی تایبەتی سەرکردەیەکی کاریزمی خەوبین نیە، ڕاگەیاندنی دەوڵەت ئەمڕۆ پێویستی بە زەمینەسازی دیکە هەیە، پێویستی بە بونیاتنانی فەرهەنگێکی تایبەت و هەڵچنینی هۆشیار کردنەوەی مرۆڤەکان و بڵاوکردنەوەی کولتورێکی پێشکەوتنخوازانەو دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی هەیە، کە تیایدا ڕێز لە مافەکانی تاك و ئازادییە دیموکراتی و سروشتیەکان بگیردرێت.

( کۆندالیزا ڕایز )ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە وتارێکدا، کە لە



ژمارە ( 9877)ی ڕۆژنامەی (شەرقل ئەوسەت)دا بڵاو بۆتەوە، چەمکێکی نوێی خستۆتە ناو فەرهەنگی سیاسی ئەمریکاوە، کاتێك هەندێك وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بە (دەوڵەتی لاواز ) ناوزەد کردووە، کاتێك باس لە سەرچاوەی نوێی ئەو هەڕەشانە دەکات کە دەکرێتە سەر ئەمریکا، لەو بارەوە دکتۆرە ( ڕایز ) وتویەتی ( جووڵەی ئەو هەڕەشە مەزنانەی دەکرێتە سەر ئاسایشمان لە چوارچێوەی هەندێك دەوڵەتی لاوازو شکست خواردووەوە دەست نیشان دەکرێت ) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت ( دیاردەی دەوڵەتە لاوازو شکست خواردووەکان نوێ نیە) هەر بۆیە ئەو دەوڵەتە لاوازو شکست خواردووانەش بونەتە ڕێگاوبانێکی ئاسان بۆ گواستنەوەی تیرۆرو تاوانباران و چەکی مەترسیدار، کۆندالیزا ڕایز ڕاشکاوانەتر دەنووسێت ( ئەمڕۆ سیاسەتی ئێمە ئامانجی ئەوەیە لە دروست کردنی دەوڵەتی دیموکراتیدا یارمەتیدەر بێت، دەیەوێت ئەو دەوڵەتانە بە شێوازێکی باش حوکمی تیادا بکرێت، پێداویستی هاوڵاتیانی خۆیان بەدیبهێنن، لە چوارچێوەی سیستەمی جیهانیدا لێپرسراوانە هەڵسوکەوت بکەن ).

ڕایز کاتێك دێتە سەر سروشتی ئەو هەزرە باڵا دەستانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەنە ڕاشکاوانە دەڵێت ( لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئازادی نیە، ئەوە زەمینە سازییە بۆ گەشە کردنی ئایدیۆلۆژیای ڕق و تاریك پەرستی، بە جۆرێك مرۆڤ فێری ئەوە دەکات خۆی بکاتە بۆمبێکی تەوقیتکراوو خۆی بتەقێنێتەوە، ڕاستە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی مێژوویەك بۆ دیموکراسیەت نیە، بەڵام ئەوەش نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی هیچ کارێك نەکرێت، هەمووما دەزانین وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە گەڵ کام دەوڵەتان و کامە ئایدۆلۆژیایەتی، بەڵام گەر لەم ڕوانگەیەوە لە دەوڵەتی کوردی بڕوانین دەبێت هەر لە ئێستاوە دەسەڵاتی سیاسی ئێمە و پارتە سیاسیەکانمان پێداچوونەوە بە زۆر لەو بیروباوەڕو ئایدیولۆژیاو هەڵسوکەوتانەدا بکەنەوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە بەرامبەر هاوڵاتیانی خۆیان و لە بەرامبەر یەکدیدا ئەنجامیان داوە، دەبێت پەیوەندی نێوان خۆیان و هاوڵاتیان دیموکراتیانەتر بنیات بنێنەوە، هەرچەندە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە چاو وڵاتانی ناوچەکەدا لە زۆریان دیموکراتیزە کراوترە.

# پرسیاری سەرەکی لە کێشەی کورد



ئیسماعیل بێشكچی

گواستنەوەی لە لاتینی و کرمانجی سەروو حازم شێروانی

دەربارەی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەو بابەتەی کە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکرێت ((چارەسەرییە)). بێگومان هەمیشە کورد سەبارەت بە چارەسەری دەدوێن، کورد گفتوگۆ لەمەڕ ((چارەسەری)) دەکەن، بەڵام پێش ئەم ((چارەسەرییە)) پێویستە ئەم بابەتە ڕوونتر بکرێتەوە: هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیە چییە؟ ئەم کێشەیە لە کەیەوە سەری هەڵداوە؟ ئەم کێشەیە لە کام قۆناغی مێژوو لە دایك بووە؟ هتد..

لەم باسەمدا هەوڵدەدەم لەسەر ئەم بابەتە بنەڕەتیی و گرنگە بوەستم و هەڵوەستەی لەسەر بکەم.

قۆناغی سەرەکی مێژوو، کە کێشەی کوردیی تیادا سەری هەڵداوە، قۆناغی جەنگی یەکەمی جیهانییە، واتە قۆناغی ڕووبەڕوو بوونەوەی دابەش کردنە، پاش ئەوە دەتوانم بە کورتی بڵێم، قۆناغی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکانە، شایەنی باسە کە میساقی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەشێکی سەرەتاییە لە پەیماننامەی ئاشتی، کە لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس هەڵسەنگێندرابوو، میساقی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە بەرواری 1920/1/10 لەگەڵ پەیماننامەی ڤەرسا دەست بە جێبەجێکردنی کرا، لە ساڵانی 1920–1921 لە چوارچێوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا دەوڵەتی نوێ و تازە لەسەر خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە هەر دوو بەشە عەرەبنشین و کوردنشینەکەیەوە دامەزرێنران. عێراق و ئوردون و فەلەستین وەکو دەوڵەتی ئینتدابی لەژێر فەرمانڕەوای بەریتانیای گەورە دابوون، سوریا و لوبنانیش وەك دوو دەوڵەتی ئینتدابی لە ژێر فەرمانڕەوای فەرەنسا دامەزرێنران.

مرۆڤ دەتوانێ چەمکی ئینتداب (ماندا) بە جۆرێك لە جۆرەکانی کۆلۆنیالیەت دابنێ. لێرەدا پرسیارەکانی دەربارەی کورد دەبێت ئەوەبن، کە گەلۆ بۆچی لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا، یاخود لە چوارچێوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا ڕێگە لە دامەزراندنی کوردستان گیرا؟ سەرەڕای داواکردن و خەباتی کورد، بەڵام هەر کۆسپ و لەمپەر لە پێش دامەزراندنی کوردستان دروست کران؟.

لەبەرچی دژایەتی کوردستان کراوە، کە لەژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیای گەورە و فەرەنسادا بووە؟ لەبەرچی نەیانهێشت کوردستانێکی کۆلۆنیل (ماندا) بێتە دامەزراندن؟ لەو کاتەدا بۆچی کوردستانێکی ئینتداب، وەك دەوڵەتانی ئینتدابی عێراق و سوریا، فەلەستین و ئوردون و لوبنان نەهاتە دامەزراندن؟ سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کاتە کوردەکان بە ڕێبەرایەتی شێخ مەحمود بەرزنجی لە پێناو دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشانێکی سەخت و بێوچان دابوون، بەڵام دیسان نەیانهێشت کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێت و لە نێوان دەوڵەتی عێراق و سوریای ئینتداب و تورکیا کە تازە دامەزرابوون دابەش کران. بەم شێوەیە بەریتانیای گەورە (عێراق)، فەرەنسا (سوریا) و دەوڵەتی تورکیا بوونە دراوسێی یەکتر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کوردستان وەك وڵات و وەك نەتەوە قووتدرا و هەڵلوشرا.

لە دەیەکانی 1920 و 1930 و 1940، تورکیا لەگەڵ عێراق واتە لەگەڵ بەریتانیای گەورە، لەگەڵ سوریا واتە لەگەڵ فەرەنسا بوونە دراوسێ.

هەردوو دەوڵەتی ئیمپریالیش فشارێکی توندیان خستە سەر کوردەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیان. ئەمانە بە هەموو هێز و توانایەکیان هەوڵیان دەدا داواکاریە نەتەوەییەکانی گەلی کورد جێ بەجێ نەکرێن. بۆیە سیاسەتی پارچە پارچەکردن و دابەش کردنیان لەسەر کورد کە دەرهاویشتەیەکی وێرانکەر و دژوار و سەختی هەبوو پیادەکرد. ئەو دەرئەنجام و دەرهاوێشتنانەش وەك پارچە پارچەکردنی جەستەی مرۆڤێك، وەك پرژاندن وتێشکاندنی مێشکی مرۆڤ وایە.

لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، ڕووبەڕوو بوونەوەی دابەش کردن دەستی پێکرد، ئەوەی ڕاستی بێت لە پرۆسەی ئەم جەنگەداو دوابەدوای ئەمەش کورد و نیشتمانەکەیان (کوردستان)، پارچە پارچە کرد و دابەش کرا.

لە ڕەوتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دابەشکردنی یەکەمدا و ئەوەش لەسەر خاکی عوسمانی عەرەب زمان پەیڕەوکراوە، دەوڵەتانی عەرەبی وەك دەوڵەتانی خۆجێیی و جۆراوجۆر، وەك دەوڵەتانی ئینتداب (ماندا) پێك هێنران، بەڵام کوردەکان بۆ ئەوەی ناویان لەسەر زار و لەناو مێژووشدا بسڕێتەوە پارچە پارچەکران و دابەشکران، لەم ڕوانگەیەشەوە سیاسەتی کۆنی (پارچە بکە _بەڕێوە ببە) وەك (پارچە بکە_بەڕێوەببە_ لەناویان ببە) لەسەر کوردیان جێبەجێ کرد. بۆیە لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس و کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بۆ ئەوەی ئاشتی نێونەتەوەیی دابین بکەن، هەوڵیان دا بەرژەوەندیەکانیان دابین بکەن، بە

پێچەوانەشەوە کەوتنە پیلان گێڕان بۆ ئەوەی کوردستان ئاشتی و سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینێت، بە پێی ئەم بڕیارەش لە ساڵەکانی دواییدا، شتێکی زۆر سروشتییە کە کورد لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی خۆی، لە پێناو ئازادی خۆی دەست بە خەبات و تێکۆشان بکات و لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەڵبەتە رووبەڕوو بوونەوە و شەڕ دروست دەبێت. من پێم وایە لەکۆتایی ساڵی 1919 و سەرەتایی ساڵی 1921 کە دەکاتە 18 مانگ، لە بەریتانیای گەورە، لە وەزارەتی کاروباری کۆلۆنیەکان و لە وەزارەتی دەرەوە و لە وەزارەتی بەڕێوەبردنی هیندستان و لە وەزارەتی جەنگ و هێزی ئاسمانی، لە پشت دەرگا داخراوەکان دەربارەی کورد و کوردستان گفتوگۆی زۆر و مشتومڕی زۆر ئەنجام دراون، ئەم گفتوگۆ و مشتومڕانە لە بەغدا، لە قاهیرە، لە دلهی نویێ، لە لەندەن و لە ئەستەنبۆلیش ئەنجام دراون، من پێم وایە کە لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆ و مشتومڕانەدا فەرمان و نەفیرعام و قەتل و عامی کوردان بڕیاری لەسەر درا و چارەنووسی کورد تێك شکێندرا، ئەگەر مرۆڤ سەرنج لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی ئینگلیزەکان بدا ئەوا ئەم قۆناغە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی بەدی دەکات.

شتێکی شاراوە نییە، کە کوردستان لە سەدەی 17 (1639) بە گوێرەی پەیماننامەی (قەسری شرین) لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی ئێرانی دابەش کراوە، هەروەها بەرچاو دەکەوێت کە لە چارەکە سەدەی یەکەمی سەدەی 19دا، بەشێك لە خاکی باکووری کوردستانی رۆژهەلأت لە ئەنجامی جەنگی روسیای قەیسەر و ئێران، داخیلی نێو سنووری ئیمپراتۆریەتی روسیا دەبێت، هەروەها لە ئەنجامی پەیماننامەی 1828 دا کە لەنێوان هەردوو دەوڵەت ئیمزا



شێخ مەحمودی حەفید و هاوەڵانی..

کرا، کوردستانی قەفقاسیا کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی روسیا، بەریتانیای گەورە و فەرەنسا.. ئەم دوو دەوڵەتە ئیمپریالیە، زلهێزەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم هەمیشە دژی کورد رەفتاریان کردووە، ئەمەش سیاسەتێکەو دژی کوردیان بەکارهێناوە.

ئەمەش بەشێوەیەکی روون لە رەوتی رووبەڕوو بوونەوەی دابەش کردنی یەکەمدا لە پەیماننامەی (سایکس_بیکۆ) کە لە گوڵانی 1916 ئیمزا کرا، هەروەها لە کۆنفرانسی (سان – ریمۆ) کە لە نیسانی 1920ئەنجام دراوە بەرچاودەکەوێت و دەبینرێت، ئەو حکومەتانەی کە لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتانەدا لە ساڵی 1920 بەدواوە هاتنە سەرکار، هەمیشە هەڵوێستێکی دژی کورد (ئەنتی_کورد)یان هەبووە. یا پارێزگار (موحافیزکار)، یان لیبراڵ یان چەپڕەو و کۆمەنیست بێنە سەرکار، هەرگیز جیاوازی نییە و فەرق ناکات. ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە هەمیشە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی دۆستانەیان لە نێواندا هەبووە، ئەگەر ئێمە بە وردی سەرنجی لێبدەین دەبینین کە دەربارەی کورد سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتیش لە ساڵی 1920، لە سیاسەتی هیچ کام لەم دەوڵەتانە باشترنییە، ئەو 14 خالأنەی کە سەرۆك (دیا وۆرد ولسۆن) کە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلانەی کە لەژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەوتی عوسمانی دابوون، یانیش ئەو مافەی (دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان) کە لەلایەن دەستەلأتدارانی سۆڤیەتەوە باس دەکرا، قەت هیچ جارێك بۆ بەرژەوەندی کورد بەکار نەهاتن، پەیوەندی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردیان خستبووە ژێر نیری خۆیان هەردەم پەیوەندی پتەو و توند و تۆڵ بوونە.

ئەڵبەتە دەبێت سیاسەتی کورد لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە ئیمپریالیستەدا بە تەفەروقات لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە ئەم سیاسەتە بە ئیدارەی عەرەب و تورك و فارسەوە گرێ دراوە و گەشەی کردووە.

کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرێت، ئەوا پێویستە کێشەی ئەرمەن و کێشەی ئاشووری_سریانی_کلدان، هەروەها پەیوەندییە میللیە مودافیعەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتیش لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و لە ئاوڕدانەوە دوور نەکرێن.

ئەو میللەتەی دەکەوێتە بەر ئامانجی سیاسەتی (پارچەبکە_بەڕێوەببە) بێگومان میللەتێکی لاوازە، هێزە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان بۆ پارچە پارچەکردن و بەڕێوەبردنی ئەو گەلە ونیشتمانەکەیان، هەڵبەتە لە خاڵە لاوازەکانی ئەو گەلە سوود وەردەگرن، بۆ نموونە، خاسیەتی دژ بەیەك و خاسیەتی هاوبەشیش لە نێو گەلی کورددا هەیە، ئەم جۆرە خاسیەتانە لە نێو عەرەبەکانیش دا بەدی دەکرێت، راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە



لە نێو هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا بەدی دەکرێت کە هێشتا لە سەردەمی عەشیرەتگەری دا دەژین، بەڵام ئەم بارودۆخە بۆ بەدەوڵەت بوونی عەرەبەکان، لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی جۆراوجۆری عەرەبی، نەبوونەتە لەمپەر و کۆسپ!، سەبارەت بەم پرسیارە سەرەکیە، کە کەمێك پێش ئێستا خستمانە ڕوو، دەتوانین چەند پرسیاری تریش بکەین، بەریتانیای گەورە بۆ هەموو کۆلۆنیەکانی خۆی بەڕێوەبەرایتییەکی خودموختاری دامەزراند. لە هیندستان، لە ئەفریقای باشوور، لە ڕۆدەزیای باشوور (زامبیا)، لە ڕۆدەزیای باکوور (زیمبابۆی).. هتد. هاوکات لە مانگی ئابی ساڵی 1921 کاتێك بەڕێوەبەرایەتی ئینتدابی عێراق دامەزرا، یان کاتێك فەیسەل لە بەغدا تاجی پادشایەتی لەسەرنا، ئەو کاتە کۆمەڵەی نەتەوەکان چەندین نۆرمی کە تیایاندا بۆ کورد ئۆتۆنۆمی دیاریکرابوو، دەرکرد، بەڵام دیسان بەریتانیای گەورە لە موسڵ، ئەگەر بەشێوەیەکی باشتر بگوترێ، لە کوردستان بەڕێوەبەرایەتێکی خودموختاری دانەمەزراند، ئەمە لە کاتێکدابوو کە کوردەکان داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد ،هەروەها ئەمە لە کاتێکدابوو کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەم مافەی پێشنیار کردبوو، دیسان بەریتانیای مەزن هەرگیز وەڵامێکی ئەرێنی بۆ ئەم داواکاریانەی کورد نەدایەوە، ئەڵبەتە پێویستە ئەم ڕەوش و بارودۆخەش لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکرێت.

لەو ساڵانەشدا لە کوردستان خەبات و تێکۆشانێکی توند و سەخت و دژوار هەبوو، سەرەڕای ئەم بارودۆخەش شێخ مەحمود گیرا و سزای لە سێدارەدانی بۆ بڕایەوە و بۆ لە (1919) هیندستان نەفی کرا و دوورخرایەوە، بەڵام خەباتی دامەزراندنی کوردستان هەر بەردەوام بوو. پاش ئەوەی کە (شێخ مەحمود بەرزنجی)یان لە هیندستان گەڕاندەوە لە (1922) و بۆ ئەوەی بیکەنە بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی کورد، دیسان خەباتی دامەزراندنی کوردستان هەر بەردەوام بوو، بەڵام گشت ڕاپەڕین و خەباتی کوردیان بە خوێن و داپڵۆسین دامرکاندەوە، کوردستان بووە گۆڕەپانی بەکارهێنانی چەکی تەکنۆلۆژی هێزە ئاسمانیەکانی پادشایەتی ئینگلیز.

حەسەن یەلدز لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی **(فرانسز بەڵگەلەیە سەڤر_ لۆزان_ موسڵ ئۆچگەندە کوردستان ((گەنشلەت شمش 4.باسکی، دۆز یاینلاری،** 2005**)** خەباتی شێخ مەحمود بەرزەنجی بە دوور و درێژی باس دەکات.

لە کۆنفرانسی لۆزان دا مەسەلەی نێوان دەریاکان لە ڕۆژئاوایی تورکیا، بارودۆخی ئەستەنبۆل، مەسەلەی کەمینەکان گەلێك پرسی تریش باس کران.

یەکێك لە پرسە گرنگەکان کە لەم کۆنفرانسەدا گفتوگۆی لەسەر کرا کێشەی موسڵ بوو، لە ڕاستیدا بەهۆی کێشەی موسڵ دۆزی کوردیش خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەلام کێشەی موسل بەشێوەیەکی یاسایی وەك پارچەیەك لە خاکی دەوڵەتی ئینتدابی عێراق، مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، ڕاپەڕین و بزاڤەکانی کورد لەو ناوچەیە هیچ لەبەرچاو نەدەگیران، ئەوان لەبەرامبەر ڕەوشی کوردان، لەبەرامبەر داواکارییەکانی کورد، خۆیان کەڕ کردبوو.

ئەوان وەك ئۆبجەکتێکی سیاسی خاوەن داواکاری لە کورد ناڕوانن، بەڵکو وەك بیرۆڤ و شێرپەنجە لە کورد دەڕوانن، بۆیە هەمیشە وەك کاتەگۆریەك کە پێویستە لەناو ببرێ دەبێ کورد بسڕێتەوە، هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەم مەبەستە بەگەرخستبوو. لە ڕاستی دا ئەم هەرێمە (ناوچەیە) وڵاتی کوردانە، گشت ئامار و سەرژمێرییەکانی کە لەلایەن بەریتانیای گەورە و هەروەها ئەوانەی لەلایەن تورکیاشەوە ئەنجام دراون، ئەم ڕاستیە پیشان دەدەن کە هەمیشە ژمارە و نفوسی کورد لە ژمارەی عەرەب و تورکمان و سریانی و کلدانەکان لەم ناوچەیە زیاتر بووە.

لە ڕاپۆرتی کۆمیسۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیشدا کە لە 30ی ئەیلولی 1924 ئەنجام دراوە ئەم ڕاستیە سەلمێنراوە، ئەم ڕاپۆرتە لە کتێبی (**موسڵ کەرکوك سۆرونوڤە کوردستانین پایلاشمی**) کە تیایدا بەشێك بە ناوی (**مللەتلەر جەمعیەتی بەلگەلەرندان**) هەیە، بڵاوکراوەتەوە (**مەدیاینلەری، ئەیلول** 1991، **ئەستەنبۆل،** 236 **ڤی دی**)).

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە کۆنفرانسی لۆزان هیچ نوێنەرێکی کورد ئامادەنەبوو، لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەرێك کە باسی داواکانی کورد بکات نەبووە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵدراوە کە نوێنەری کورد لەم کۆنفرانسەدا بەشداری نەکات. لە کۆنفرانسی نوێنەرایەتی (**دەلەگاسیونی**) تورکیا عیسمەت ئینۆنۆ گوتبووی ((ئێمە نوێنەرایەتی کوردەکانیش دەکەین..))، بەڵام ئەو (عیسمەت)ە هەمیشە و بە تەنها باسی لە داواکاری تورکەکانی کردووە و دژی ئەو کەسانەش وەستاوە کە باسی مافی کوردیان کردووە. لە بنەڕەتدا لە کۆتایی ساڵی 1919 دا نەیانهێشت نوێنەرانی کورد بەشداری لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا بکەن. بەریتانیای گەورە و فەرەنسا کە زاڵ بوون بەسەر ئەم ناوچەیەدا، ڕێگەیان بە هەردوو نوێنەری شێخ مەحمودی بەرزنجی نەدا بۆ ئەوەی بەشداری لە

کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا بکەن، هەردوو نوێنەری کورد کە دەیانویست لە سوریاوە بە ڕێگای دەریادا روو لە فەرنسا بکەن، لەلایەن دەستەلاٌتدارانی ئینگلیز و فەرەنسییەوە کێشە و ئاستەنگیان بۆ دروست کرا، بۆ ئەوەی ئەم دوو نوێنەرە نەتوانن خۆیان بگەیێننە کۆنفرانسەکە، بە بیانو ودرۆی وەك (کەش و هەوا لەبار نییە، کەشتی خراپە، کەشتیان بردووە بۆ چاك کردن و ... هتد) فریو دران ولە خشتەیان بردن. هیچ پەیوەندیەکی ئۆرگانی هی شەریف پاشا، کە لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا گوتبووی (من نوێنەری کوردانم) لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکەدا نییە، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێك لە کێشە سەرەکیەکان کە لە کۆنفرانسی لۆزاندا باسکرا کێشەی موسڵ بوو، بەلاٌم دیسان سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوچەکەدا راپەڕینێکی کوردی توونديش هەبوو، باشە لە پێناوچی لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەری کورد نەبوو، بۆ ئەوەی داوا و مافەکانی کورد بخاتە روو؟ باشە لە پێناوچی و بۆچی؟ کۆسپ لە بەردەم نوێنەرە کوردەکان دروستکران بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا نەکەن؟ باشە بۆچی کورد وەك ئۆبجەکتێکی سیاسی خاوەن ماف و داوا بەرچاو ناکەوێت و نابینرێت؟ بەلاٌم وەك شێرپەنجە و بیرۆڤێك کە کاریگەریەکی خراپی لەسەر هەموو کەسێك هەیە دەژمێردرێت و حساب دەکرێت؟

هەر پەیوەندیدار بەم کێشەیەوە پێویستە ئەم کێشەیەش وەك کێشەیەکی گرینگ کە ڕێگا لەبەردەم دۆزی سەرەکی کورد دەکاتەوە حیسابی بۆ بکرێت.

ئەگەر لە ساڵەکانی بیستی سەدەی بیستەم دا لە چوارچێوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا وەك عێراق و فەلەستین و لوبنان وەك دەوڵەتێکی ئینتدابی (ماندایی) یانیش کۆلۆنی، کوردستانیان دامەزراندبا، ئەوکاتە کوردستان وەك (کوردستانێکی ئینتدابی یان کوردستانی کۆلۆنی) ناوزەد دەکرا، ئەم کێشەیە گەورەتر و بەرچاوتر و شکۆدارتریش دەبوو گەر بیانوتبایە (کوردستانی ئینتدابی فلاٌن دەوڵەت) یان بیانوتبا (کۆلۆنیالی فیسار دەوڵەت) و هتد.. . هەرچەندە ئەگەر ئەمە لە ئاستێکی نزمیش دابێت، بەلاٌم دیسان ستاتوێکی سیاسی، کەسایەتییەکی سیاسیمان پیشان دەدات، مەگەر ئەم (عێراقی ئینتدابی ئینگلیز) یان (سوریای ئینتدابی فەرەنسا) ستاتوێکی (شەخسیەتێکی) سیاسی پیشانمان نادات؟ بەلاٌم لە ساڵەکانی بیستی سەدەی بیستەم کورد خاوەنی بچووکترین ستاتۆی سیاسیش نییە! ئەوان هەموو هەوڵ و تواناییێکیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی کورد بێ ستاتۆ بن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە کوردستان کۆلۆنیالیش نییە. لێرە دەبێت مرۆڤ زۆر بە وردی و بە وشیاری لەسەر عادەتی (تەمەن) بوەستێت. بۆ شیکردنەوەی کێشەی سەرەکی مرۆڤ دەتوانێت پرسیارێکی تریش بکات، ئەویش دەربارەی یەکێتی سۆڤیەتە، لە ساڵی 1923 لە ناوچەکانی لاچین و کەلباژار و قوباتلۆ و زەنگلان کە کەوتبونە نێوان ئەرمەنستان و قەرەباغی سەروو، لە ژێر ناوی کوردستانی سوور ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی پێك هاتبوو، ئەم دیاردەیە هەتا ساڵی 1928یش بەردەوام بوو، لە ساڵی 1928 ئەم دیاردەی ئۆتۆنۆمی هەڵوەشێنراو لەناوچوو، تۆ دەتەوێت پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا توندوتۆڵ بن یان دەتەوێت خراپ بن، ئێمە دەبینین کە هەمیشە کورد لە قەفقاسیاوە بەرەو ئاسیای ناوەڕاست ڕادەگوزرێن و دوور دەخرێن. ڕاگوێزان لە ساڵی 1937 و 1944یش هەر بەردەوام بوو. ئەمە بابەتێکی گرنگە کە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی بزانین بۆچی کوردستانی سوور هاتە دامەزراندن و پاشان هەڵوەشێنراو لە نێوبرا؟ دەربارەی پرسی کورد و هەڵسەنگاندنی ساڵانی 1920، لەنێو رووداوەکانی کە بەشێوەیەکی کرداری و فیعلی ئەنجام دراون و لێکۆڵینەوە و ئانالیزەکانی کە ئەنجام دراون پێچەوانە و (دژایەتیەکی) گەورە بەدی دەکرێت و هەبووە.

کورد وەك جاسوس و هاوکاری ئیمپریالیزم تاوانبار دەکرێن، بەلاٌم لەو کاتەدا لە نێوان کورد و بەریتانیای گەورەدا رووبەڕوو بوونەوەیەکی توند هەیە. بەریتانیای گەورە ئارەزووی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان یان بۆ خودموختاری قەبوڵ ناکات، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم ئارەزووە و تێکشکاندنی، چی لە توانایدا هەیە و هەرچی لەدەستی دێت بەکاریدێنێت ودرێغی ناکات. زۆرترین هێزی ئاسمانی پادشایەتی ئینگلیز لە دەیەکانی 1910 و 1920 و 1930 و1940 لە کوردستان بەکارهاتووە یان بەکارهێنراوە. لەم هێڵەوە پێویستە مرۆڤ سەرنج بداتە خەباتی شێخ مەحمود بەرزەنجی، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە بزووتنەوەی تورك (کۆڤای میللیە) هیچ جارێك لەگەڵ بەریتانیای گەورە رووبەڕوو نەبۆتەوە، هەرچەندە دژی ئیمپریالیزمیش خەباتی کردبێت هەر پیشاندراوە ، بەلاٌم ئەم هاوکاریانە هەرگیز بۆ کورد دابین نەکراون، بەلاٌم (کۆڤای میللیە– بزووتنەوەی تورك) هەروەك لە بەرامبەر ئیمپریالیزم وەستابێت پیشان دەدرێت، دیسان لەم دوو دەوڵەتانە داوای هاوکاری کردووە و ئەم داوایەش هەرگیز ڕەتنەکراوەتەوە و جێبەجێ کراوە.

کاتێك سەیری دیاردەکانی ساڵانی 1920 دەکەین و ئەم دیاردەیانە ئانالیز دەکەین، گەرەکە ئێمە ئەم ناکۆکیانەش بخەینە بەر لێکۆڵینەوە و لێیان بپێچینەوە. لەلایەنی سیاسیەوە کاتێك سەیری ساڵانی 1920 دەکەین دەبینین سێ کاتەگۆری هەیە، لە کاتەگۆری یەکەمدا دەوڵەتی گەورەی وەك بەریتانیای گەورە، فەرەنسا، DYA و یەکێتی سۆڤیەت هەیە، لە کاتەگۆری دووەمدا دەوڵەتی سەربەخۆی وەك تورکیا و ئێران و عێراق هەیە و هەروەها دەوڵەتی ئینتدابی (کۆلۆنیالی) کە بە دەوڵەتانی ئیمپریالیستی وەك بەریتانیای گەورە و فەرەنساوە گرێ دراون هەن، دەبینرێت کە دەوڵەتە سەربەخۆکانی وەك (تورکیا و ئێران) لەلایەنی ئابوورییەوە کەوتوونەتە ژێر دەستەلاٌتی دەوڵەتانی کاتەگۆری یەکەم. لە کاتەگۆری سێیەمیشدا ئەو گەلانەی کە نەبوونەتە خاوەن دەوڵەت، ئەگەر ڕاستتر بگوترێ، ئەو گەلانەی کە مافی بە دەوڵەت بوونیان لێزەوتکراوە هەن، گەلی کوردیش یەکێکە لەم گەلانە. ئەوانەی کە لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتاندا ئانالیزیان کردووە هەمیشە پەیوەندیەکانی دەوڵەتانی کاتەگۆری یەکەم و دوەمیان لەبەرچاو گرتوە، ئەو گەلانەی لە کاتەگۆری سێیەم دان، هەردەم ئەوان لە دەرەوە فڕێ دراون، ئەم جۆرە گەلانە لەلایەن دەوڵەتانی کاتەگۆری دووەمەوە هەمیشە بە شێرپەنجە لە قەڵەم دراون.

هەردەم دەگوترێ، ئەو گەلانەی کە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی کاتەگۆری دووەم لاوازبکەن، ڕێگا لە گەشەکردن و سەرکەوتنی ئەوان گیراوە و لەلایەن دەوڵەتانی کاتەگۆری یەکەمەوە وەك بەریتانیای گەورە و فەرەنسا بۆ مەیدان بەڕێکراون بۆ نموونە، ئەو دەوڵەتانەی کە کورد لەژێر فەرمانڕەوایی ئەوان دان، ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان خستۆتە ژێر فشاری خۆیان، هەمیشە کوردیان بە چەمکی وەك (یاخی بوون) و (پیاوکوژ) و (نۆکەری ئیمپریالیزم)، (جاسووسی ئیمپریالیزم)، (هاوکارانی

ئیمپریـــالیزم)، (ســـەرگەردان)، (دواکـــەوتووانی فیـــودالیزم)، (تونـــدڕەوەکانی کێـــوی دژی مۆدەرنیـــەت)، (کۆنەپەرســـت و ئیتجـــاه پەرســـتانی بەرامبـــەر دەوڵـەتی مـۆدێرن و پێشکەوتوو) تاوانبار دەکرد و بەم شێوە پیشان دەدران، بـەڵام ئـەو گەلانـەی کـە لەکاتەگۆری سێیەمدان، بۆ نموونە گـەلی کـورد وەك ئۆبجـەکتێکی سیاسی خاوەن داواکاری سیاسی و خاوەن ئیرادەیـەکی سیاسییە، بەڵام ئارەزووەکانی ئەم میللەتە، بە تایبـەتی لەلایـەن دەوڵـەتانی کاتەگۆری دووەمەوە بەشێوەیەکی تونـدی دەوڵـەتی لـەژێر فـشار و پاڵەپەسـتۆ بـەجێ دەهێڵـرێن، لـە پێنـاو ئـەوەی کـە داواکـانی جێبـەجێ نـەکرێن، تیرۆرێکـی توونـدی دەوڵـەتی لـە بەرامبـەریان بـەکاردەهێنرێت. هەنـدێك جاریش ئـەم گەلـە لەبەرامبـەر ئـەم تیرۆرە پـەناو هـاواری خـۆی دەباتـە بـەر دەوڵـەتانی کاتـەگۆری یەکەم، بۆ نموونـە، لـە سـەردەمی (سـەدام حوسێن)دا ئـەو ئۆپەراسیۆنانەی ئـەنفال کـە لەئاستی کۆمەڵکوژیی (جینۆســاید)دا ئـەنجام دەدران، نموونەیـەکی لـەم جۆرەیە، بـەڵام وەك ســەرنج دەدرێــت کــە لــەم حاڵەتەشـدا و لـەم بارودۆخەشـدا فریاد و هاواری ئەوان نەبیستراوە. بـەڵام ئـەم جـارە، بەپێـچەوانەوە ، ئەو دەوڵەتانـەی کـە لـە کاتـەگۆری دووەمدان، بۆ ئەوەی ئەو گەلانـەی لـە کاتـەگۆری سێیەمدان زیـاتر و درێژتر لە ژێر فشاردا بەجێ بهێڵن و تێکیــان بــشکێنن، ئــیرادەی سیاســی و هــەروەها داواکاریــە سیاســـیەکانیان بـــشکێنرێن، هەمیشە لـە دەوڵـەتانی کاتـەگۆری یەکەم، داوای هاوکاری ئەکۆنۆمیك و سیاسی و سـەربازییان کـردووە، ئەم داواکاریانەشیان بە شێوەیەکی گشتی جێبـەجێ کـراون. لێـرەوە ئەو شتەی ئەگەر بە کورتییش بێت کـە دەمـەوێ بیڵـێم ئەوەیـە، تـۆ دەتــەوێت ئانالیزەکــانی نــاو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت ڕووبـدەن، دەتـەوێ بـە شـێوەیەکی گـشتی




**بەرژەوەندییەکان، کوردستانیان دابەش کرد..**

ئانالیزەکـانی نـاو پەیوەندییـە نێونەتەوەییـەکان ڕووبـدەن، ئـەو گەلانەی کە کەوتوونەتە ناو کاتەگۆری سێیەمەوە، تۆ دەتـەوێت ئەوانیش بەشداری لـە ئانالیزەکە بکەن. نەوەك (شێرپەنجە) نا، دەبێت وەك ئۆبجـەکتێکی سیاسـی کـە خـاوەنی داوای سیاسـی و ویستی سیاسیە، بەم شێوەیە بچێتە ناو ئانالیزەکە. بە بڕوای من پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە گەلی کورد دەیەوێت دەوڵەتێك دامەزرێنێ یان نا؟ کەی ئەو دەوڵەتە دادامەزرێت؟ بەلکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە :سـەرەڕای ئـەو ژمارەی کـە گـەلی کـورد هەیـەتی، باشە بۆچی کورد هـەتا ئـەمڕۆش نـەیتوانیوە دەوڵـەتێك بـۆ خـۆی دابمەزرێنێ؟ دەوڵەتێکی وەك لۆکسبۆرگ کە ژمارەی دانیشتوانی 450 هەزار کەسە، باشە چۆن دواڕۆژی میللەتێك کە لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت خـاوەنی 40 ملیـۆن کەسـە، دواڕۆژی گـەلی کـورد دیـار بکرێـت؟ باشـە لەبەرچـی کـورد نـەیتوانیوە بەشـێوەیەکی جـددیی ڕەخنە لەم ڕژێمە نێونەتەوەییەی دژی کورد بگرێت؟ ئایا ئێمە لە هەڵسوکەوتی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان خستۆتە ژێر چەپۆکی خۆیان تێدەگەین؟ بەڵام دەبێت بەفرەیی لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکرێـت کـە لەبەرچـی چارەسـەری دیموکراسـیەتی ڕۆژئـاوا دژی کوردە؟

ئەو ڕژێمەی کە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت پـەیڕەو دەکرێـت ئـەنجامێکی لـەم شـێوەیەی بەدەسـت هێناوە:

لەبەرئـەوەی کـە ئـەوان کوردسـتان بەشـێوەیەکی هاوبـەش کـۆنترۆڵ دەکەن، لە نێوان بەریتانیای گەورە (لەپاش ئەوعێراق) و فەرەنسا (لەپاش ئەوسوریا) و تورکیا و ئێران پەیوەندی توندوتۆڵ بەرقەرار کران. تۆ دەتـەوێت لـە زۆر بـواری تـردا ئـەم دەوڵەتانە ڕووبەڕووی یەکتر بن. بـەڵام کاتێك باس دێتە سـەر مەسـەلەی کـوردی، هـەر هەموویان پێکەوە دەبنە هاوکاری یـەکتر و زۆر بـەهێز پـشتگیری لەیـەکتری دەکـەن. ئـەم جـۆرە هاوکاریانـەش زۆر ئاشـکران کـە دژی کوردن، لەڕاستیدا لە ناوەندی ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت (ســـەقامگیری) بـــەم شـــێوەیە دامـەزراوە، بـەڵام ڕوونیـشە کـە دیمەنەکانی ئەم (سەقامگیریە) نا سەقامگیریەکیـــشی دروســـت کردووە، چونکە هـەر کاتێك کورد دەرفەتی هەبێت هەمیشە لە پێناو بـەدیهێنانی مـاف و ئازادیـەکانی دەسـت بـە خـەبات و تێکۆشـان دەکـات، ئـەم بارودۆخـەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو کاتێك دەبێتە سەرچاوەی ناسەقامگیری.

***بەڕێز ئیسماعیل بێشکچی ئەم وتارەی لە (کۆنفرانسی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەســـتەمبوڵ، 11-12ی ئـــاداری 2006) پێشکەش کردووە.**

# کۆدی هەڵەبجەیی بوون و دوو جەمسەری فۆرمالیزم و سەلەفیەت

کازیوە ساڵح

**هەڵەبجە** هەمیشە لە نێوان دوو جەمسەردا خۆی دووبارە دەکاتەوە، تیۆری لۆژیکیش لە نێوانیاندا قوربانیە. جەمسەری یەکەم سەر بە تیۆری فۆرمالیزمن (شێوەخوازی )، جەمسەری دووەمیش تیۆری سەلەفیەت لە خۆ دەگرێت، کۆدی هەڵەبجەیی بوونیش ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە نەوی کردنی تیۆری سێهەم و باڵاکردنی دووانەکەی دی. جەمسەری نەویکراو کە پێویستە لۆژیك بێت نەیتوانیوە هەڵەبجە بکات بە سیمبولێکی مرۆیی ناوەکی و دەرەکی بۆ تێکشکاندنی بتەکانی شەڕ و بکوژەکانی مرۆڤ و جوداخوازی، نەیتوانی بیکات بە مۆزەخانەیەکی گەورە، بە چوونە ناو ئەو شارە سیماکان تراژیدیای مرۆڤ کوژیت پیشان بدەن و سیمای دواتریش تراژیدیای بکوژانت پیشان بدەن، ببێت بە پەند بۆ خوازیارانی مرۆکوژی، نەیتوانیوە مەسەلەیەکی نیودەوڵەتی گەورەی لێ دروست بکات کە ڕاگەیاندنەکانی جیهان پێوەی سەرقاڵ بن، نەیتوانیوە ببێت بە وانەیەك نەوە دوای نەوە بەهرەمەند بن لێی، نەیتوانیوە بیکات بەپرۆژەی خودئاوەدانی و یەك گووتاری، لە خراپترین باردا نەیتوانیوە بیکات بە دەزگایەکی مەعریفی بۆ لێکۆڵینەوە و بەرهەم نەهێنانەوەی ئەو کارەساتە و کارەساتەکانی دی کورد کە زۆربەیان دووبارە بووەوەن.

زۆربەی ئەو نەهامەتیانەی تیۆری لۆژیکی و یاخود جەمسەری لۆژیکی نەیتوانیوە گرێ و کۆدەکانی لە هەناوی هەڵەبجەدا بکاتەوە، نهێنیەکانی لە هەگبەی جەمسەرە فۆرمالیزم و سەلەفیەکاندا پەنهانە، چونکە بە باوەڕی من سەرەتای بەرهەم هێنانی هەر پرۆژەیەکی گشتگیر ببێت بە هۆی گواستنەوەی قوناغێك بۆ قۆناغێکی پەسەند تر، یاخود بە گووتارێ لە پێناوی تایبەتمەندییەکدا، پێویستە هەوڵەکان لە هەناوی ئەو تایبەتمەندییەوە سەرچاوە بگریت، یان لایەنی کەم ئاستی تێگەیشتنی بەرانبەری هەبێت بۆ ئەوانەی دەرەوەی خۆی، کە دەیانەوێ بەرهەم هێنەری ئەو خواستە بن بۆیان.

بەڵام ئەو دوو جەمسەرە خواستەکانیان دابەشکردووە بە سەر دوو جووتەی دژ بەو مەبەستە، چونکە فۆرمالیزمی هەڵەبجەیی ئەوەندەی وەکو شێوە و فۆرم سوودمەند بوون لە ناوی هەڵەبجە، هێندە بایەخی بە ناوەڕۆکی کارەساتەکە نەبووە، ئەویش زیاتر خۆی لەو گرووپەدا دەبینێتەوە کە پێیان وایە ئەوان لە بەر ئەوەی هەڵەبجەیین واتە لە هەموو کەس کوردترن، لە بەر ئەوەش لە هەموو کەس کوردترن پێویستە لە هەموو کەسیش حزبی تربن، بۆ مرۆڤی کورد لە هەموو کەس کورد بوونیان پێویستە شانازی پێوە بکات و هەڵەبجە و



هەڵەبجەیی بن بە سیمبول، بەڵام گەر وابزانێت لە ژێر سێبەری قوربانی کەسانی دیدا لە دەرەوەی گووتاری خۆی دەگات بەو خواستە ئەوە هەڵەیە، کە پێشی وایە حزبی بوونی ئەو هەتا سەر ئێسقان واتای هەڵەبجەیی بوون و کورد بوونی دەکات ، ئەمەشیان کارەساتە، لەو جۆرە کارەساتەی کەخەڵکی هەڵەبجە و دەورووبەری دابەشکردووە بە سەر ئیسلامی سەلەفی و حزبی فۆرمالیزمیدا، وەکو گووتمان شێوەخوازەکان پێیان وایە پێویستە تەواو حزبی بن، ژمارەیەکی زۆریان لە ناو حزبە کوردستانیەکاندا بە تایبەت یەکێتی کە ئەمڕۆ یەکەم دەسەڵاتی ناوچەکەیە پشکی شێری بەرکەوتوە، ئەو بەرکەوتنەش لە بری ئەوەی ببێت بە پرۆژەی پۆزەتیڤ بۆ بوژانەوەی ژیانی و ژیاری و مەعنەوی هەڵەبجە، تا ڕادەیەکی باش بووە بە هۆی کۆت و بەند کردنی لە چوارچێوەی خواست و باوەڕی حزبەکەدا، نەك خواستی کۆمەڵانی خەڵك بۆ هەڵەبجە و خودی هەڵەبجە. نەشیاوترین دۆخیش ئەوەیە کەسێك ببینیت لە هەناوی هەڵەبجەوە هەڵقولابێت و ببێت بە منبەری بەرگری لە سیستمێك کە داوای لێ دەکرێت بایەخی شیاو بە هەڵەبجە بدات، یان هەڵەبجە داوا لەو دەکات بێ دەنگ نەبێت و غەمەکانی نەخاتە نێو هەگبەی خواستی حزبیەوە. هەر فۆرمالیستەکانیش بوون لە دەرەوە بە چەندین وێنە و هۆکاری جیاواز پارەیان بۆ خودی خۆیان کۆدەکردەوە، ئەمە هەر لە ئاستی تاکەکان لەنگەر ناگرێت، بەڵکو حزبەکانیش لەو ئاکارە بێ بەش نین لە ڕێکخراو و وولاتان و دەوڵەمەندەکان بە ناوی بوژاندنەوە و هاوکاری هەڵەبجە بوون بە خاوەنی سەرمایە.

جەمسەری دووەم، سەرهەڵدانی سەلەفیەتە لە هەناوی هەڵەبجەدا، دیارە ئەمەیان هۆکار و دەرئەنجامی سیاسی و جوگرافی زۆری لێ دەکەوێتەوە ، بەڵام گرنگترینیان کە ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ هۆکارە جوگرافی و سیاسی و ئابوورییە، کە دەرخەری ئەو حاڵەتی سەلەفیەتن لە ناوچەکەدا ئاستی هۆشیاری و خەڵکانی هۆشیارکەرەوەیە لەو ناوچەیەدا، لای ئەو گرووپەی دی، لە بری ئەوەی هەڵەبجە ببێت بە هێمای بەرخودان و ڕۆحی تەبایی و خۆشەویستی، کردیان بە هێمای تەسلیم بوون، تەسلیم بوون بە ئیرادەی پەیوەندی بەستنەوە و ئاشت بوونەوە لە گەڵ خودا، چونکە هۆشیاری ئەو گرووپەش بەو وەهمەی سپاردوون ئەوەی ڕووی دا



## مینۆمێنت.. سیمبولی شەهیدانی هەڵەبجە بەر لە سووتان..

کارەساتێکی خودایە ودەکرێ خەڵکی هەڵەبجە خەڵکێکی ناموسوڵمان بووبن و بەر تووڕە بوون و بەخەبەر هێنانەوەی خودای خۆیان کەوتبن، بۆیە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و نزاو ئازارەکانیشیان ئاراستەی ئەو بکەن، بۆ ئەوەی تۆڵەیان بسێنێت، وەك چۆن خۆیان تۆڵەی سەرپێچی خۆیان دا. ئەو بۆچوونە دیماگۆگیەیان هەر لەو ئاقارەدا نەهێشتەوە و گەیاندیان بە پرۆژە بازرگانیەکانی ئیسلامگەرە لە خۆیان توندڕەوترەکان و ئەو ناوچەیە کرا بە بەشێك لە دۆزەخی مرۆڤە نیرۆدیی (عسابی)یەکان، ئەوانەی لە بری باڵاکردنی هەڵەبجە بۆ دۆخی ئاشتی پەرستی مرۆڤدۆستی یەکەم، مل لە لاشە کردنەوەی ئاشکرا لە ناو کوردستاندا بە دەستی ئەو گروپە نیرۆدیە لە هەڵەبجەدا ئەنجامدرا و هەڵەبجە کرا بە مۆڵگەی سەربڕین و شەهیدکردنەوەی دووبارەی هەڵەبجە بە ڕادەیەك لە شەهید بوونی یەکەمی زیاتر ڕاگەیاندنەکانی جیهان باسی دەستی تیرۆرستی کرد لەو ناوچەیە و دەورووبەریدا. لە ڕووی مرۆیی و شارستانیشەوە، هەڵەبجە گەڕێندرایەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوە لاوانی هەڵەبجە بوون بە دەستی هەڵگرانی ئەو ئایدۆلۆژییە دیماگۆگیە یاساغی کارەبا و ژیانی مۆدرین و تەنانەت هەڵبژاردنی بیروباوەڕیشیان لێ گیرابوو ، لە سەرشەقامەکان پشتە ملیان دەگیرا و بە زۆر دەئاخێنرانە نێو مزگەوتەکان و بە زۆر نوێژیان پێ دەکرا، ئەوە ژنانی هەڵەبجە بوون لە هەموو سیمایەکی مرۆیی بێ بەشکرابوون و تەنانەت پارچە پۆشاکێکی خۆیان لە بازاڕەکاندا بەرچاو نەدەکەوت بیکڕن و تاقی کردنەوەی پۆشاك بۆیان یاساغ بوو...هتد. هەمیشە کۆمەڵی پاش کارەساتەکانی گەورەکان، ئاڵوودەی گرفتی ئایدۆلۆژی و توندڕەوی و تەسلیم بوون و ناتەبایی لە گەڵ واقعدا دەبن، ئەوەش هۆکاری سایکۆلۆژی خۆی هەیە پاش تووش بوونی مرۆڤ بە شۆکی گەورە (کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە ) بەڵام هەموو ئەوانەش واتای ئەوە ناکات شارێکی خاپوور و سوتێنراو لە پێناوی گووتارێکی شوڤێنیدا بەدوو گووتاری شۆڤێنی وەکو فۆمالیزم و سەلەفیزم بسووتێنرێتەوە.

ئەوەی گووتراوە واتای ئەوە ناکات، ئێمەی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان هەموو هەڵگری شوناسی هەڵەبجە نین و هەڵەبجەیی نین، هەمووشمان بۆ هەڵەبحە ناگەڕێننەوە، بەڵکو گلەییە لەوەی کە بۆچی لە ناو هەڵەبجەدا حزبێك، ئایدۆلۆژیایەك، جیهانیەکی دی درووست بووە جگە لە هەڵەبجە. هەموومان پێویستە یەك حزبمان هەبێت بۆی تێبکۆشین و لە خزمەتیدا بین کە ناوی هەڵەبجەیە و هیچ ناوێکی دی لە خۆ ناگرێت، هەموومان پێویستە یەك ئایدۆلۆژیمان هەبێت ناوی هەڵەبجەیە و هەڵگری ناوی دووەم نیە .ئەوانەمان لە دەرەوەی ئەو شوناس و ئایدۆلۆژی، بازنە بین، خیانەتمان لە خۆمان و لە هەڵەبجە و بەرانبەریش کردووە، هەر ئەوانەش وایان کردووە ، هەڵەبجە ببێت بە ئاوازی مارشیی بۆنەیەکی بایەخ پێنەدراو، ساڵی یەك جار گوێمان لەو ئاوازە بێت.

k.saleh@hotmail.com

# بەسەرهاتی بێ پێیەکان



نەجات حەمید ئەحمەد

بەشی یەکەم

**بەسەرهاتی بێ پێیەکان، پێشکەشە :**
**بە هەموو ئەوانەی بڕیاریان لە دەستە و لێپرسراوێتی هەموو مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە دەگرنە دەست و بڕیار لە چارەنووس و کارو بیرکردنەوە و ژیان و گوزەران و پەروەردەکردنیان دەدەن، بە تۆش ئەی خوێنەر... ئەمە داوەتێکە بۆ بەخۆداچوونەوە، دڵنیاشم خۆت لە شوێنێکی ئەم نووسینەدا دەدۆزیەوە، ئەگەر بێ پێی، چیتر ناشێ لەو شوێنەدا بمێنیتەوە ائەگەر پێداری دەبێ بە ویژدانی خۆت دا بچیەوە، ئەگەر بێ پێی پێداری، دەبێ پێی پیس لە کۆڵی خۆت بکەیتەوە، چونکە رۆژێک لە ڕێیە «حەق و حقوق ئاشکرا دەبێ»...**

بێ پێیەکان زاراوەیەکی باوی ساڵانی دوایی نێو ناوەندە رۆشنبیریەکانی کوردستان بوو، لە پاش راپەڕین، بە کۆمەڵە نووسەر و رۆشنبیر و هونەرمەندێك دەگوترا، کە لە دەرەوەی هەموو جۆرە هەڵسەنگاندن و بەهەند هەڵگرتن و بایەخ پێدانی دەسەڵات دابوون، هەروەها نەبوونە بەشێك لە یاریی سیاسی موتربەکراو بە رۆشنبیری، کە لەژێر پەردەی دڵسۆز بوون بۆ نەتەوەو نیشتمانەوە کاریان بۆ قۆرخ کردنی دەسەڵات دەکرد. لە پاش راپەڕین و لە سەردەمی رژێمیشدا نەچوونە ڕیزی ئەو قەڵەمانەوە، کە زۆر بەڕاشکاوی داکۆکیان لە ئایدیال و بۆچوونی بەعس دەکرد لە کوردستان و لە بەغدا. بێ پێیەکان گەمەی ئەم دیو ئەودیوی سیاسیان نەدەکرد، چونکە هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون، بەمەش بێ پێیەکان زیاتر ئەو کەسانە بوون کە حزبە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵاتیان لەدەست بوو زۆر لێیان دڵنیابوون، کە ئەوانە بەتەواوی بوونەتە قەڵەمی دەسەڵات و ناتوانن جارێکی دیکە لەو هەڵوێستانەیان پەشیمان ببنەوە لە پەیوەستییان بە دەسەڵاتەوە، واتە باوەڕیان بە بیری یا زاراوەی ((سەنگەر گۆڕینەوە)) نییە و زیاتر وەکو مرۆڤی نەگۆڕ و بێ مەترسی و بێ گرفت سەیریان دەکرا، ئەمەی پەراوێزکردنی ئەم توێژە هونەرمەند و رۆشنبیرانەی قووڵکردەوە، خودی لاساری و بزێوی و کاری وروژاندن و فێڵەی سیاسی پێدارەکان بوو. بێ پێیەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەس حسێبی کەسایەتی و ماندووبوونی بۆ نەدەکردن، ئەو کەسانە دڵسۆزی مەسەلەی نەتەوەیی و کوردپەروەری بوون، هەر لێبوردەیی و نەفسبەرزی و کبریایی، گەورەیی ئەوان بوو کە بووە هۆیەك بۆ ئەوەی چ ناوەندی سیاسی و چ ناوەندی رۆشنبیریی بەڕەسمی کرا و هیچ حسێبێکیان لە هیچ هەڵسەنگاندن و لە هیچ بەرژەوەندی و دەسکەوتێکی دیاری کراودا بۆ نەکرێ، ئەوان ساڵانێکی دوور و درێژ لە پێش و پاش ڕووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەبێ دەنگی و بوێری و چاونەترسیەوە خزمەتی ئەدەب و رۆشنبیری نەتەوەیی و نیشتمانیان دەکرد، هەموو ئەم خزمەتانەشیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر حسێبی ماڵ و منداڵ و خێزان و پاشەڕۆژی ژیانی خۆیان بوو، دەتوت ئەمە چارەنووسێکە و گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو، لە پێش راپەڕین ئەوان بە کەسانی گومان لێکراو و مەترسیدار لە قەڵەم دەدران، لەپاش راپەڕینیش بە کەسانی دوورە پەرێز و نەزان و نەشارەزا لە قەڵەم دەدران، بۆیە ئەوان لەپاش راپەڕین هەرچەندە داینەمۆی هەموو باری رۆشنبیری و هونەریی کوردستان بوون و دەستیان لە هەموو کارەکاندا هەبوو، بەڵام قەت نەیان توانی ببنە شوێنی سەرنجی دەسەڵات، هەر ئەم بارە ناهاوسەنگەش وای کرد ئەوان لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی هەموو پۆست و پایەیەکی رۆشنبیری بێ بەش بن. ئەم بارەش هەرچەندە گوناهێکی ئاشکرابوو بەرامبەر بە توێژێك یاخود دەستەیەك لە رۆشنبیر و هونەرمەندی داهێنەر، بەڵام هۆیەکی بنەڕەتی دیکەی ئەم بارودۆخە ئەوەبوو، کە بەدەستهێنانی دەسکەوت و بەرژەوەندی تایبەت لەسەر حسێبی کەسانی ماندوو خەسڵەتێکی کۆمەڵە دواکەوتووەکانە، هەر بۆیەش کوردستان لە پاش راپەڕین لەنێو گەرمەی کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەیناڵاند، تێڕوانین و دەرفەتێکی لەبارنەبوو بۆ خوێندنەوەی بارودۆخی رۆشنبیری، هەربۆیە دووسەرەیی و دژ بەیەکی ودیاردەی خۆبردنە پێش لە دام و دەزگاکان، دیاردەیەکی دیکەی لەنێو دڵی بارودۆخی رۆشنبیریی کوردی لەپێش راپەڕینەوە گواستەوە نێو ئەو بارودۆخە لە پاش راپەڕین، ئەمەش بەهۆی پەیدابوون و کارابوونی توێژێکی دیکە لە رۆشنبیران کە بە رۆشنبیری (پێدار) دەناسرێنەوە، کە بەتەواوەتی جیاوازیان هەبوو لەگەڵ رۆشنبیرانی بێ پێدار، هەر بۆیە رۆشنبیرانی پێدار ئەو رۆشنبیرانە بوون، کە تێگەیشتن و دنیابینیان لەهەر ئاستێکدا بووبێت کەسانێکی هەڵوێست گۆڕاو و شاراوە و سازشکەر و بێ کەسایەتی بوونە، ئەم خۆدەرخستنەش

# لە وڵاتێکدا کیلۆیەك تەماتە زۆر بەنرختر و گرنگتر بێ لە کتێبێك ئیتر رۆشنبیری بایەخی لەکوێدایە؟

لە کەسایەتی رۆشنبیریدا، چەندین هۆکاری هەبووە کە پەیوەندیی بە چۆنیەتی تێڕوانینی دەسەڵاتەوە هەیە بۆ رۆشنبیر و هەروەها چۆنیەتی تێڕوانینی رۆشنبیر بۆ دەسەڵات. پێدارەکان مرۆڤی پلاستیکی و تارمایی ئامێز بوون، گەمەکارێکی زانا و دانای بەکارهێنانی رۆشنبیری بوون بۆ دەستکەوتی کەسایەتی و پلە و پایەی نێو دەزگاکان، یاخود قۆرخکردن و ناچارکردنی دەسەڵات بۆ دەسکەوتی کەسیی، کە ئەوان بارودۆخێکی تایبەتی کوردستان و پەیوەندی و کێشەی نێوان حزبەکان و بەتاڵیی لە شێوازی بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکان و لاوازی رۆشنبیری و دنیابینی هەندێك لەو کەسانەیان دەقۆستەوە کە بڕیاردەر بن لەوێناکردنی پرۆسەی رۆشنبیری لە کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی. بەمەش کێشەیەکی بنەڕەتی و نایەکسان و نادادپەروەری کەوتە رۆشنبیری کوردیەوە، پێدارەکان لەناوەوە و دەرەوەی دەسەڵات بێ پێیەکانیان بە نەزان و بێ جورئەت و قەڵەمفرۆش و کۆیلەی دەسەڵات دادەنا، ئەو بێ پێیانەش کە لە دەرەوەی دەسەڵاتدابوون بە کەسانی یاخی و دژە دەسەڵات و نانیشتمانی و هەندێك جار بە کەسانی گێرەشێوێنیان دادەنان، هەر بۆیە پێدارەکان بێ پێیەکانیان بە مەترسیەك دادەنا لەسەرباری رۆشنبیری لە کوردستاندا، مەسەلەکەش تەنها پەیوەندی بە دەور و پێگە و پلە و پایەی وەزیفی و هاوکاری کردن و ئیمتیازاتەوە هەبوو، چونکە دیارترین سیمای رۆشنبیری لە پاش راپەڕین بزربوونی گفت و گۆی رۆشنبیری بنیاتنەر و لێکدانەوە و ئاخافتنی فیکری بوو، لەگەڵ ئەمەشدا بێ پێیەکان چاك ئەمەیان دەزانی، کە پێدارەکان کەم ئەزموونن لە رۆشنبیری و ئەگەر جیهانبینینیشیان هەبێ ئەوا خۆیان ناخەنە گفتوگۆی رۆشنبیریەوە، بەقەد ئەوەی بیر لەوە دەکەنەوە کە هەر کار و نووسین و چالاکی و وروژاندنێکی رۆشنبیری چەندێك دەسکەوتی بەدواوە دێ و چەندێك گیرفانیان قورس دەکات، هەروەکو چۆنیش پێدارەکان چاك لەوە گەیشتوون کە بێ پێییەکان کەسانی داهێنەر و جدی و لەخۆبوردە و خۆبەرە پێشەوەنین و ئەوان هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدان، کە رۆژێك لە رۆژان خوێندنەوەی دروست بۆ هەوڵ و ماندوبوون و قوربانیدان و رۆشنبیریان بکرێ، نەوەکو خۆیان بانگەشە بۆ خۆیان بکەن، هەروەکو پێدارەکان لەم کارەدا چەندین بەسەرهات و هەقایەت و مەسەلەی ناڕاستیان گەورە دەکردەوە، بەتایبەتی لەلای دەسەڵات. بێ پێیەکان ئەو کەسانەبوون کە هۆکاری راستەوخۆی ئاشکرا بوونی گەندەڵی بوون، هەروەکو چۆن ئەم ئاشکرابوونەش هۆیەکی کاریگەربوو بۆ ئاشکراکردنی هەڵوێست و دنیابینی و رۆشنبیری زۆر لاوازی زۆرێك لە پێدارەکان، هەر لەبەر ئەمەش پێدارەکان بەرامبەر بەم مەترسییەی بێ پێیەکان گفتوگۆی رۆشنبیریان لە ناوەڕۆك و بابەتەوە کردە گفتوگۆ لەسەر مێژوو و بەسەرهاتی بێ سەرچاوە، قەتاوقەتیش خۆیان لەبابەتی رۆشنبیری نەدەدا، بەتەنیشت ئەم هەڵوێستەوەش، بەهۆی نزیکیان لە ناوەندەکانی بڕیاردانەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەوەی ژمارەیەکی زۆریان شوێنی گرنگیان لە دەسەڵاتدا گرتە دەست، بڕیاریاندا کە قەتاوقەت بێ پێییەکان لە کۆڕ و سیمینار و پۆست و پلەوپایەیەکی رۆشنبیری و لە هیچ پێکگەیشتنەوەیەك لەگەڵ دەسەڵاتدا بێ پێییەکان ئامادەنەبن، چونکە کە ئەوان هاتنە ئاخاوتن، ئیتر قسەکانیان بریتی دەبن لەشیکردنەوەی ئەو گەندەڵیەی لە رۆشنبیری کوردستاندا هەیە، هەر بۆیە لە جیاتی زاراوەی دابڕانی مەعریفی زاراوەی دابڕانی بێ دەنگیان بەسەریاندا چەسپاند. لە راستیشدا ئەم گەمە سیاسیەی پێدارەکان زەبرێکی کوشندەیان بە بێ پێیەکان گەیاند، زەبرێکی وا کە وایان لە بێ پێیەکان کرد لە هەر کوێیەکدابن هەست بە نامۆیی و بێ پشتی و پەراوێزبوون بکەن، مەسەلەکە لە رۆشنبیری و ئەکادیمیەت دەرچووە دەرەوە، مەسەلەکە بووە شەڕی نان و کورسی. هۆکاری بەشێکی ئەم بارە تراژیدیەش لە وڵاتەکەماندا دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر و رۆشنبیرانی خوێندەوارەوە، لە وڵاتێکدا کیلۆیەك تەماتە زۆر بەنرختر و گرنگتر بێ لە کتێبێك ئیتر رۆشنبیری بایەخی لەکوێدایە؟



ئەو شوێن پێیانەی کە هەرگیز ون نابن

پێویسته لێرەدا باس لە هەڵوێستی بێ پێیەکان بکەین، بێ پێیەکان کە بۆیان دەرکەوت هێزێکی رۆشنبیری گەمەکاری سیاسی هەیە هەمیشە لەمپەر و بەربەستە لەبەردەمیدا، بەناچاری کەوتە هەڵوێست وەرگرتنەوە، ئەو هەڵوێستەش بەشێوەی جیاواز رەنگی دایەوە لەسەر کاری رۆشنبیری. لەوکاتەی دەرەنجامی ئەم تێڕوانینەی پێدارەکان، بێ پێیەکان وانیشان دران کە دژ بەدەسەلاتن و سوودیان بۆ وڵات نییە، کەسانی توندوتیژن و بەمایکرۆسکۆپ بەدوای بچووکترین هەڵەکانیاندا دەگەڕان، بەمەش کێشەیەکی بنەڕەتی و نایەکسانی و نادادپەروەری لە هەڵسانگاندنی رۆشنبیریدا هاتە کایەوە، پێدارەکان بەجوانی لەلای دەسەڵاتدا بێ پێیەکانی نێو دام و دەزگاکانیان پەراوێز دەکرد، ئەگەر لە شوێنی لێپرسراوێتیدا بوونایە هەموو کاتێك کێشەیان لەگەڵ بێ پێیەکاندا دروست دەکرد، لەوکاتەی ئەوان ئەوەندەی سەرقاڵی ئەوەبوون کار لە پرۆژەی رۆشنبیری و گۆڕانکاریدا بکەن، ئەوەندە کێشەی پێدارەکانیان بەلاوە گرنگ نەبوو، ئەو حیکمەتەی کە دەیگوت دەبێ لێپرسراو و سەرکردە دڵی خۆش بێ بەو کەسانەی هەڵدەکەون و لە خۆیان زیرەکتربوون، حیکمەتی پێشمەرگایەتی و شاخ بوو، بە پێچەوانەوە لە شاردا ئەو حیکمەتە کرایە چەکێکی ژاراوی بۆ دەم کوتکردن و ئیهانە پێکردن و سەرکوتکردنی بێ پێیەکان، بێ پێیەکان زۆر چاك لەم رێگایەی بە کێشەکردنە نارەوایە تێدەگەیشتن، بەڵام زۆرینەی جارەکان تیکەی ماڵ و منداڵ و دەرنەکەوتن وەکو کەسێکی یاخی، ئەوانە بەسەرکوتکراوی و چەپاندنی دەروونی و عەقڵییەوە کاریان دەکرد. هەندێکی دیکەشیان کەوتنە دەرەوەی دام و دەزگاکان و لە ژیان و بەشداریکردن بێ بەشبوون. پێدارەکان توانایەکی سیحری و سیاسی گەورەیان هەبوو لە هونەری بەردەوامی دان بە مانەوە لەسەر کورسی و دروستکردنی پەیوەندی دوور لە هەموو بەهایەکی سیاسی و رۆشنبیری لەگەڵ بڕیاربەدەستاندا، کە زۆر جار ئەو پەیوەندیانە لەسەر بناغەی پێشبەری کردنی نارەوشتی بوو، وەکو دەڵێن خزمەتگوزاری نارەوشتی بوون، ئەمەش وایکرد درزێکی گەورە بکەوێتە نێوان رۆشنبیرانەوە، ئایدیال و رەوشت بەرزی و قوربانیدان و لەخۆبوردەیی چیتر پێنج فلسی سووتاوی نەدەکرد، بەهاکانی پێشمەرگایەتی و رێباز و دڵسۆزی و دەستپاکی بەگێلی و نەفامی لەقەڵەمدەدرا، پێدارەکان هونەر و سیحر و جادووی گەورە گەورەیان دەخوڵقاند بۆ تێکدانی ئەو بەهایانە، چونکە تەنها بێ پێیەکان ئەو بەهایانە لەلایاندا نرخێکی رەوشتی و مرۆڤایەتی هەبوو، رۆشنبیری بووە جۆرێك لە کاڵای بازرگانی و بووە رێگەیەك، بازرگانی پێوەکردنێك، هەموو پرۆژەیەکی هونەری و ئەدەبی و تەنانەت سیاسی و فیستیڤاڵ و دەیان جۆری دیکەی بوارەکانی ئەدەب و رۆشنبیری و هونەر، شەڕی یەکەمی پێدارەکان لەگەڵ یەکتری، هەر ئەوەبوو کێ سەرۆکی لێژنەی ئامادەکار

**ئەو حیکمەتەی، کە دەیگوت دەبێ لێپرسراو و سەرکردە دڵی خۆش بێ بەو کەسانەی لە خۆیان زیرەکترن، حیکمەتی شاخ بوو، بە پێچەوانەوە لە شار کرایە چەکێکی ژاراوی بۆ دەمکوتکردن و سەرکوتکردنی بێ پێیەکان.**

دەبێ وکێ پارەکە وەردەگرێ و کێ پرۆژەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی. لە هەموو ئەم کێشەیەی نێو پێدارەکاندا، بێ پێیەکان لە دوورەوە وەکو مۆم دەسووتان و خەمیان دەخوارد لەو گەندەڵی و نەزانی و گێلیە فیلاویەی داهاتی ئەم میللەتەیان شەن و کەو دەکرد، کە زۆرجار بە خوێنی شەهیدان ناو دەبرا، زۆریش بەداخەوە زۆر جار بێ پێیەکان نەیان توانی خۆیان بەتەواوەتی بۆ پرۆژە و کاری رۆشنبیری تەرخان بکەن و تاسەر بەرگەی سیحر و جادووی پێدارەکان بگرن، هەر بۆیە هەندێکیان ئەوەندە سووکایەتیان پێکرا تاکو کەسایەتیشیان لەبەرچاو خراو بە کەسانی نا رۆشنبیر و نەزان سەیردەکران، بەڵام بەرامبەر بەم هێرشە توندوتیژەی پێدارەکان، بێ پێیەکان بەتایبەتی ئەوانەی بە زۆری سەرکوت کران، دەستیان کرد بە توندوتیژکردنی زمانی نووسین و چوونە بوارێك لە نووسینەوە، کە هێدی هێدی ئەو بەها جوانانەی هەیانبوو لە دەستیاندا و وەکو نووسەر و رۆشنبیرانێك کەوتنە بەرچاو کە دژی دەسەڵاتن، لە پاش ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتماندا نین، بڕێکی دیکەشیان بەتایبەتی ئەوانەی کەوتنە دەرەوەی وڵات باوەڕێکیان لەلادا دروست بوو، ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی کورد دابێ، بەڵکو لەگەڵ هەر دەسەڵاتێکدا بێ قەڵەمفرۆش و جاش قەڵەمە، بۆچی رۆشنبیری خرایە ئەم گۆمە پیسەی بیرکردنەوەوە؟ هەموو ئەم گەمانەی پێدارەکان وایان کرد جۆرێك لە پێدار بێتە کایەوە کە دەتوانین ناوی بنێین ((سوپەر پێدار))، دەمان بینی لەو پێدارە نەزانانەی کە فریان بەسەر رۆشنبیرییەوە نەبوو، چوار پێنج سەرۆك و بەرپرس و لێپرسراویی هەبوو، ئەگەر سەنتەرێك بکرایەتەوە، ئەوان سەرۆك بوون، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیەك بەتاڵ بوایە ئەوان بەڕێوەبەربوون، چەندێکیش لێپرسراوێتیان قورستر بووایە ئەوەندە لە کاری رۆشنبیری و داهێنان دوور دەکەوتنەوە، حیکمەتێکی سیاسیانە باڵی بەسەر هەموو دامەزراو

و ناوەند و سەنتەر و ڕێکخراو و ...هتد گرت، کە حیکمەتی بەردەوام بوون و هەبوونی کاربوو، ئەو حیکمەتەی گاوگۆلکی لە یەکتر جیانەدەکردەوە، ئەو حیکمەتەی کاری لەسەر زۆریی و بۆریی دەکرد، ئەو حیکمەتەی وای کرد گەڕەلاوژەی نێو خەون و حەمام بەهاکەی هەر بەقەد بەهادارترین داهێنانی ئەدەب و هونەری وابێ، مادامەکی چالاکیەکە کرا و گۆڤارەکە دەرچوو بەرنامەکان بەردەوام بوون.

بێ پێیەکان ئەوە نەبێ بەرامبەر بەم بارودۆخە بێ دەنگبن، بەڵام گرفتی ئەوان ئەوەبوو ئەزموونی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا تیایدا نەشارەزابوون، چونکە کولتوری بێ پێیەکان لەکاتی ڕژێمی دیکتاتۆری پێش ڕاپەڕین کولتورێك بوو حسێبی بۆ هیچ جۆرە پەیوەندیەك نەدەکرد لەگەڵ دەسەڵاتدار، بۆ یەکەم ئەزموون بوون، بەڵام پێدارەکان کە زۆرینەیان لە دام و دەزگاکانی ڕژێمی ڕووخاودا خاوەن ئەزموون بوون و بەڵکو توێژێك لە ڕۆشنبیری بێ پێیەکانی کردە پێدار و تووشی کەوتن و مل شکاندنی ڕۆشنبیریانیان کرد، ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان هەبوو لە چۆنیەتی خۆنیشاندان وەکو دڵسۆزی دەسەڵات، کە ئەمەش مەسەلەیەکە پێویستی بە ڕونکردنەوە هەیە، کاتێك دەسەڵات لەکاری بنیاتنانی دام و دەزگای ڕۆشنبیری، خوێندنەوەیەکی زانستی پێ نییە بۆ توانای ئەو کەسانەی لەو بوارانەدا شارەزا و ڕۆشنبیرن و بەتەواوەتی لەوە دەگەن چ جۆرە ڕۆشنبیریەك بۆ وڵات پێویستە، بەڵکو ئەوان پشت بەهەڵسەنگاندنی کەسانێکی دیاریکراو دەبەستن، کە لەزۆرینەی حاڵەتەکاندا ئەو کەسانە لە چینی پێدارەکان بوون، بێگومان هەر ئەو کەسانەیان بە زانا و دانا دادەنا، کە لە چینی خۆیان بوون، یا پەیوەندیی شار و عەشیرەت و برادەرایەتی و بازرگانی و پەیوەندی تایبەت و بەرژەوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵیاندا هەبوو، ئەم پەیوەندیە مۆرکێکی ترسناکی بەخۆوەگرتبوو، بەڵکو وەك تۆڕێکی لێهاتبوو، کە لە شوێنی بەرزەوە بەرەو شوێنی خوارەوە دەهات، لە ناوچوونی بەرژەوەندیی هەر تاکێك لەو تۆڕە دەسەڵات بەرەو ڕووی داواکاری و پاڕانەوە پێشنیاری دەیان لە پێدارەکان دەبووەوە، هەر بۆیە ئەمەی لەسەر گەندەڵی لە شوێنێك لابرایە خێر و بەرەکەت بەسەریدا دەباری، چ لەلایەنی پشتگیری کردن و هاوکاریەوە و چ لە لایەنی بەخشینی پلەوپایەی گەورەتر لە جارانەوە، هەڵەی گەورەی بێ پێیەکان لەوەدابوو، کە کورسی و پلەوپایە و پارە پەیداکردن بەلایانەوە گرنگ نەبوو، چونکە لەو باوەڕەدابوون، کەتەنها ڕۆشنبیری هەموو گرەوەکان دەباتەوە، کەچی پێدارەکان بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەیانزانی هێزی کورسی و پارە لە چیدایە و چەند گرنگە. مادامەکی لەو ناوەندەدا ڕۆشنبیری و بەهاکانی دواشتە کە بیری لێبکرێتەوە، چونکە ڕۆشنبیری بەو چاوەوە سەیری نەکراوە کە چ دەورێکی لە گۆڕانکاریە جیاوازەکانی وڵات و کۆمەڵگەدا هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کێشەی نێوان پێدارەکان و بێ پێیەکان هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی پرسیاری ڕۆشنبیری چ بایەخێکی بۆ وڵات هەیە پاشانیش بۆ کۆمەڵگە، سەرەتا پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەیەك هەیە کە لەشێوەی خشتەیەکی بەراوورد کاری نێوان پێدار و بێ پێیەکان دروستی دەکەین:

| ژ | پێدار | بێ پێ |
|---|---|---|
| .1 | مرۆڤێکە شەرم نازانێ | شەرمنە و کبریای هەیە |
| .2 | کەسایەتی نییە و فرە کەسایەتیە | کەسایەتی بەهێزە و یەك کەسایەتییە |
| .3 | تەحەمولی هەموو جۆرە ئیهانەیەك دەکات | وەڵامی بۆ هەموو جۆرە ئیهانەیەك هەیە |
| .4 | ترسنۆك و بێ جورئەتن | بوێرن و ناترسن |
| .5 | لە کاتی تەنگانەدا بزر دەبن | هەمو کاتێ لە تەنگانەدا ئامادەیە گیانی خۆی بخاتە مەترسی |
| .6 | فێڵباز و پیلان گێڕ و ناڕاستگۆن | فێڵیان نییە و ڕاستگۆن و قسەیان لە ڕووە |
| .7 | مرۆڤێکی زمان لووس و خیانەت کارە | مرۆڤێکی زمان ڕاست و ڕەوانە و مردنی لە خیانەت پێ چاکترە |
| .8 | لە هەموو ئیمتیازاتێکی دەسەڵات ناویان لەسەرەوەی لیستەکاندایە و دەست پیسن | بەدەگمەن ناوی لە هیچ لیستێکدا هەیە، هەمیشە دەست پاکن |
| .9 | هەڵبژێردراون بۆ هەموو پۆست و پلە و پایەیەك | ئەگەر ناویشیان بێ بە فیتی پێدارەکان ناویان لادەبرێ |
| .10 | بێ شەهادە و نا ئەکادیمی و نازانستین و پۆستەکانیان کەم و کورتیەکانیان دادەپۆشێ | زۆربەیان هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمی و زانستین |
| .11 | خەباتیان نییە و زۆربەیان ڕابردوویان لێڵ و پڕ گومانە | خاوەنی خەبات و قوربانی دانن |
| .12 | چەکی سەرەکیان گۆڕینی هەڵوێستە لەنێو حزبەکان | بەدەگمەن هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن |
| .13 | چاکترین گوزەران و مووچەیان هەیە، کاربکەن یا نەیکەن | بە ئارەقەی نێوچەوانیان ژیانێکی خراپ بەسەردەبن |
| .14 | ئایدیالی بەعسیزیمیان هێناوەتە نێو ئایدیالی پێشمەرگایەتیەوە (وەکو چەمك). | هەمیشە ئایدیالیان پێشمەرگایەتیە. |

ئەی خوێنەی بەڕێز، تۆش لەوانەیە یەکێك بیت لە بێ پێیەکان، بەرەو ڕووی هەمان پرسیار دەبیتەوە، کە ئاخۆ کام ئایدیال و بیرکردنەوە خزمەتی زیاتر بە وڵات و کۆمەڵگەکەمان دەگەیەنێ؟

یەکەمین پرسیارمان لەم بەراورد کردنەیەدا ئەوەیە، ئاخۆ بێ پێیەکان شایەنی ئەوەبوون کاروباری ڕۆشنبیری لە کوردستان بگرنە دەست و نەهێڵن کولتوری پێدار گەشە بسەنێ ؟، یاخود بێ پێ ئەگەر ئەو کارەشی گرتە دەست چۆن دەتوانێ داکۆکی لە تێڕوانین و هەڵوێستی خۆی بکات؟

# پرۆسەی بە ئاگا هێنانەوە، هەوڵێك دوور لە جددییەت

جەمال پیرە

دەشێ لە دوای كارەساتی یازدەی سێپتەمبەرەوە پێمانوابێ، كە ئاراستەی بیركردنەوەی كایەكانی روناكبیریی دونیا خۆی لە دەسپێكێكی ترەوە دەبینێتەوە و لە دوای خۆشیدا مێژوو و یادگاری و ئەزمونێكی دوورو درێژی جێهێشتووە، كە بەردەوام شایانی ئەوەن و بە كردەوەش بۆ زۆر حاڵەتی نوێی بینینەوە بۆی بگەڕێینەوە، هەڵبەتە كە باس لە گۆڕانی قۆناغی دەستگرتن بە ئاراستەیەكی نوێ دەكەم بە هیچ شێوەیەك مەبەستم دیوار بەندكردنی قۆناغی كۆن و نوێ نییە بەو مانایەی كە دابڕانێكی بنبڕ بێتەكایەوە، دیارە گۆڕانكارییەكان خێران، سەرسام و كاریگەریشن، تەنانەت لە ئاستی گەشەی هزری كۆمەڵگا دواكەوتووەكاندا نین و هەرگیز ناشتوانن ئەوەی كە دنیای نوێ و گۆڕانەكان دەیانەوێ هەرس بكەن، لە راستیدا ئەم حاڵەتە خۆی لە خۆیدا دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی كە بەهایەكی تایبەت بە دیاردەكان بدەین، وێڕای ئەوەی كە دەبێ دەست بە پڕۆسەی بەردەوامییانەی ورياكردنەوە بگرین، لانیكەم كەسێك بین هەست بەم حاڵەتە بكەین، ئەگەر نەشتوانین كاراكتەرێكی ئاكتیڤی گۆڕان بین، بەڵام لەو دەفرەی زیندەگیی خۆماندا كە چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتیی بە یەكەوەمان دەبەستێتەوە و تیایدا پەروەردەو گەورە كراوین، هیچ رێگەیەكی تر شك نابەین ئەگەر بەدوا داچوون و بە ئاگاهاتنەوە نەبێ، دەریچەیەك نادۆزینەوە بەرەو ئاسوودە بوونمان ببات ئەگەر نەتوانین ئەوەی كە رۆژگار دەیەوێت ئەو بین، بۆیە دەكرێ پێمانوابێ كە بە ئاگاهێنانەوەی كۆمەڵ هەموو كاتێ یەكێ لە ئەولەویاتەكانی گەشەی عەقڵی مرۆڤە،



لەو سۆنگەیەشەوە كە (عەلی وەردی) بۆمانی باسدەكات (عەقڵی هیچ مرۆڤێك گەشە ناكات لەو چوارچێوەیەدا نەبێت كە كۆمەڵگا بۆی دروستكردووە) تەنها رێگەچارە ئیشكردنە لە سەر كۆمەڵ، هەڵبەتە بەشی هەرە گەورەی بە ئاگاهێنانەوەی كۆمەڵیش لە ئەستۆی روونا كبیران و بەئاگاییاندایە، وەك دەركەوتووە لەم مەملەكەتەی خۆماندا لە نێوان بە ئاگاو بێ ئاگایاندا بەردەوام بۆشایی و كەلێنێكی گەورە هەبووە، ئەم كەلێنە گەورانە پێویستیان بە پڕكردنەوە هەبووە، بە ئاگا هەرگیز نابێ لە بورجی عاجەوە سەیری بێئاگا بكات، بە مانایەكی دی دەبێ لە سەرەتاوە باوەڕ بەوە بهێنین كە هەموو لایەكمان بەر لەوەی بە هیچ شتێكی تر ناوزەد بكرێین مرۆڤین. كەواتە هەر دووركەوتنەوەیەكی (بەئاگا) لە زۆرینەی خەڵك خۆی لە خۆیدا بێئاگاییەكی كوشندەیە، ئێمە لە سادەیی و روح سووكییەوە نەبێ نە ئەتوانین ئەوەی كە پێمانە بیگەیەنین نە هیچی تر بخەینە سەر ئەوەی كە پێمانە، لێرەدا مەبەستم وروژاندنی ئەو پەتایەی خۆ بەزلزانینی روناكبیرانە، كە زۆر جار لێرەو لەوێ هەستی پێدەكرێت.

ئەوەی تایبەت بێ بە كایەی روناكبیری كوردییەوە، وایدەبینم كە لە دوای ڕووخانی سەدامەوە خەریكە بگەینە ئەو بڕوایەی كە بڵێین روناكبیری كورد هەڵگری گوتارێكی وەها نییە شایانی ئەوە بێ هەڵوەستەی لە سەر بكرێ، زۆر جار هەستدەكەیت و بە خەیاڵتا دێت كە هیچ جیددیەتێكی پێ نییە بۆ گوتن، بەڵكو ئەوەی كە هەیەو باسی لێوە دەكرێت هەمان نەفەسی دەساڵەی رابردووە، لە كاتێكدا دەبوو نەفەسی روناكبیریش هاوشانی گۆڕانكاری و نوێبونەوەكانی تر خۆی نوێ بكردایە، نەبوونی ستراتیژیایەك بۆ گوتن بەو مانایەی كە هەم هەڵگری رۆحیەتە ڕەخنەییەكەی خۆی بێ، هەمیش كارا بێ، كە زوو شوێن و پێگەی كاریگەر بوونی خۆی قایمتر بكات، خۆی لە خۆیدا گرفتێكە پێویستی بە لالێكردنەوە هەیە، ئێمە لە بەردەم تەوژمی بەهێزی هەرسكردنی گۆڕان و بێتوانایی خۆمان لە دەرەنجامی بەفیڕۆچوونی كاتێكی زێڕینی ئەوتۆ لە رابردوو بەردەوام لە حاڵەتی ناهاوسەنگیدا خۆمان دەبینینەوە، لە راستیدا رەشبین نیم لە چارەسەر، بەڵام لەوە بە گومانم كە لێرەوە دەمانەوێ زۆر بە خاوی هەنگاو بنێین.

لە سەر ئاستێكی تری گرفتەكانیدا پڕۆسەی وشیار كردنەوە بێ بوونی مەركەزییەتێكی تۆكمەی فیكریی یا ئاراستەیەكی سەلیم ئەو هێزو گوڕو تینەی نابێ كە بتوانێ راستەوخۆ لە كورتترین ماوەدا زۆرترین ئەركی بە ئاگاهێنانەوە بەجێبگەیەنێ، ئەو مەركەزییەتەی من لێردا مەبەستمە مەركەزییەتێكە هەڵێنجراوی بیرۆكەی پلورالی كولتووری بێت، بەو شێوەیەی كە لە لایەن هیچ باڵ وپێكهاتەیەكی سیاسی، كۆمەڵایەتییەوە دەستی بەسەر داگیرابێ، وزەی قایلكردنێكی هەمە لایەنانەی هەبێ، لەو ئاستەدا بێ بتوانێ حسابێكی وردی تاڵی و سەرگەردانی رابردووە نەشیاوەكەی بەیەكەوە ژیان بكات، لە بڕیاردا دەست بە مكوڕبوونی وەزیفە بنەڕەتییەكەیەوە بگرێ، شەق لە مەحاڵ بدات و هەمیشە بیر لەوە بكاتەوە كە بەڵێ بە كردار ئێمە بەردەوام لە قەیرانێكی بەجێماندا ین ئەگەر ئەو ستێپە زەرووڕانەی كە لە سەرەوە باسم لێوە كردن تەندروستانە نەیبڕێ، ناكرێ هاوشانی گۆڕان و پێشكەوتنەكان بڕوات، هەمیشە دەبێ ئەوەی لە خەیاڵدا بێ كە لە ئێمە بە ئاگاتر هەیەو پێویستیمان بە ئاگایی زیاتر هەیە، دیارە ئەم نالەبارییەی پەرش و بڵاوی بڕیاری بەئاگاهێنانەوە فەوزایەكی سەرلێشێواوانەی بەدوای خۆیدا هێناوە، لە راستیدا ئەتوانم بڵێم زۆرینەمان هەستی پێدەكەین، بەڵام كەممان لە هەوڵی بەیەككردنی خەمەكان و بیركردنەوەیەكی جیدییانەی چارەسەر داین، بەردەوام ئەگەرو مەترسییەكان لە بەرچاوماندا لێڵن و نایانبینین، هەقە تا زووە لێیبكۆڵرێتەوە، چونكێ لەحزەیەك لە دواكەوتن بۆ چوونە نێو ململانێی گۆڕانەكان زەرەری زەبەلاح بە دوای خۆیدا دێنێ، بە پێچەوانەشەوە پەلەكردن لە پێناو فریاكەوتنی تەوژمەكانی گۆڕانیش رەنگە زۆرترین كەڵك و سوودمەندیمان بۆ بێنێ و ئاسوودەترین لەحزەی ئایندەشمان بۆ بڕەخسێنێ ........

# نەوەی نوێ چی دەوێ ؟ پەلاماری چی دەدات؟

ڕێبوار محەمەد

نەوەی نوێ چی دەوێ؟ پێم وایە ئەمە پرسیارێکە پێویستە بەبەردەوام لە خۆمانی بکەین، ئێمە ئێستا نەوەیەکمان هەیە لەسایەی کاریگەری گلۆباڵدا گەورەبووە، ئەم نەوەیە لە هەرێمێکدا دەژی، کە سنورەکانی والآن لەبەردەم گەیشتنی هەموو ئەو زانیاری و گۆڕانانەی، کە لەسەراپای جیهاندا ڕوودەدەن، بوونی سەتەلایت و ئینتەرنێت، پاش پڕۆسەی ئازادی عێراقیش والآبوونی ڕێگاکانی گەشتکردن بۆ دەرەوە، نەوەیەکی لەم وڵاتەدا دروست کردووە، کە خاوەنی چاوکراوەیەکی زۆرە و ئاگادارە بە گۆڕانکاریەکانی جیهان. لانی کەم ئەم نەوەیە کەم تا زۆر ئاگاداری ئەوەی هەیە، کە گەنجانی دەوروبەری خۆی ئەوەی لە گوندە بچکۆلەکەی جیهاندا دەژین، چۆن دەژین و چۆن تیژە فکرن، گرفتەکەش لێرەوە سەر هەڵ دەدات، کە ئەم نەوەیە کاتێک بەراوردی دەرەوە بە حاڵی خۆی دەکات، دۆش دادەمێنێ لە ئاست گەورەیی و فراوانی جیاوازیەکان.

نەوەی نوێ لە وڵاتێکدا دەژی هەم کۆمەڵگا و هەم دەسەڵات بە چاوی بەر لە هەژموونی جیهان گەراییێتی دەڕوانن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، دەیانەوێ بیرکردنەوەی ئەم نەوەیە و هەڵسوکەوتەکانی و شێوازی مامەڵەکردنی لە ژێر کۆنتڕۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵگادا بێت.

لەنێو ئەم فشارەدا و بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە چواردەوری خۆی ڕوودەدات، نەوەی نوێش داواکاری و خواستە ئەساسیەکانی خۆی لەبیرکردوە، هەر بۆیە دەبینی گەنجێك لەسەر تەلەفزیۆن داوادەکات دەسەڵاتدار کورسیەکەی بەجێبهێڵێ تا ئەم بچێتە جێگای، پێم وایە گەر لیستێك بە داواکاریەکانی نەوەی نوێی ئەم وڵاتە ڕیزبکەین، دواهەمین داواکاری بڕێك دەبێ لەوەی پیرەکان کورسی دەسەڵاتی بۆ جێبهێڵین، چونکە بەر لەمانە نەوەی نوێ غەرقی کۆمەڵێك گرفت و داخوازیە، کە پێویستە جێ بەجێ بکرێت.

دەگەڕێمەوە بۆ ڕووداوێك بە چەند ساڵێك لەمەوبەر دوولاوی عاشق لە کافتریای دەزگایەکی ڕۆشنبیریدا لە نێو ژوانێکی ڕۆمانسیدا بوون، کاتێك پۆلیسێك لێیان بەژوورکەوت و داوای لێکردن لە نزیك یەکتری دانەنیشن، ئەم پۆلیسە نوێنەری کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکە، کە دەیەوێ هەڵسوکەوتی گەنجان بەویست و ئارەزووی ئەو بێت، نەك گەنجەکان، دڵنیام ئێستاش ئەم ڕووداوە ڕۆژێ دەیان جار دووبارە دەبێتەوە، ئالێرەوەیە کە گەنج دێت و داوای ئەوە دەکات کورسیەکانی دەسەڵاتی بۆچۆڵ بکرێ تا ئەم بەدەستیانەوە بگرێ و بەڕێوەیان بەرێت.

من پێم وایە ئەم داخوازیەی گەنج بۆ دەسەڵات گەر بێتەدی هەر هەمان حاڵەت و کارەسات دووبارە دەکاتەوە، کە بریتی یە لە ڕۆچوونەوە بەناو دیاردە نێگەتیڤەکانی دەسەڵاتدا، ئاخر نەبوونی سیستەمێك بۆ پێگەیاندنی کادیرە ئیداریەکان وایکردووە دەسەڵات گیرۆدەی گەندەڵی و پاشکەوتن و چەقین لە جێگای خۆی بێت.

ئێستا نەوەی نوێی ئێمە بە کەشکۆڵێك خەم و خۆزگە و داخوازیەوە لەبەردەم دووڕیانێکدا وەستاوە، کە تاڕاددەیەك هەڵەکەیانی هەڵبژاردوە، ئاخر کەی گرفتی گەنجە کام بەرپرس لەسەر کام کورسیە، کێ کام وەزارەت و پۆستی ئیداری بەڕێوەدەبات. ئەمەیان گەر داخوازی و پێویستی بن، بە بڕوای من داخوازیە لە پێشینەکان لەبیر چوونەتەوە و وەلانراون.

گەنجی ئێمە پێویستی بەوە هەیە ژیانێکی ئارامی بۆ فەراهەم بکرێ، لە خێزانەکەیدا وەك خۆی سەربگرێ نەك کۆپی باوکی، لە زانکۆدا ئاسۆی مەعریفەی بۆ والآبکرێ نەك دەستەمۆبوون بەدەست گرفتە لەبن نەهاتووەکانی ناو زانکۆوە ، پێویستی بەوەیە کە زانکۆی تەواوکرد دەستبەجێ دابمەزرێنرێ و بە موچەکەی ژیانی دابین بکات، نەك بە مووچەیەك دابمەزرێ کە لە هەندێك شوێن کرێی گوێدرێژەکان ئەوەندە و نیوەی مووچەی ئەو بن.

گەنجی ئێمە پێویستی بە کۆمەڵێك سەنتەر و ناوەندی ڕۆشنبیری هەیە، کە چووە ناویان حەز و خولیاکانی پەرەپێ بدات نەك فۆرمی ئینتمایی حزبی بدرێتە دەست، پێویستیەتی لەبڕی پارکێك و دووان، شارێکی هەبێ پڕ لە پارك و باخچە و دوور لە چاوی ڕەقیبەکانی سەری، نەوەی نوێی ئەم وڵاتە تێنوی حەزەکانی خۆیەتی، تینوی ئازادیی زیاتر و سەربەستی زیاتر و ڕەفاهیەتە، ئاخر ئەو کوشتەی ئەو جیاوازییە بەرفراوانەیە، کە لەنێوان کەسەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا تادێ فراوان و فراونتر دەبێ.

کە داوای دەسەڵات دەکەین دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە بۆی هەیە و زۆریش ڕەوایە گەنجە دەسەڵاتدارەکانیش بە عەقڵی گەنجانە بیرنەکەنەوە، ئەوەی گرنگە پیاوەکانی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە چۆن بیردەکەنەوە و تا کوێ لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە داخوازی و حەزەکانی گەنجدان و تا چەند کار بۆ خزمەتکردنی دەکەن، تا چەند دەیانەوێ گەنج خاوەنی بوون و قسەی خۆی بێت، تا چەند کاتێك مامەڵەی دامەزراندنی بردە بەردەستیان ڕێزی لێدەگرن و کاری بۆ دەکەن یان چی لێ هەڵدەقورتێنن و وای لێدەکەن پەشیمان بێ لە گەنج بوونی خۆی.

# یاخیبوونی نەوەی نوێ، داخراویی نەوەی کۆن

فریاد ئیروانی



لــــەم ســاڵانەی رابــردوو باسـێکی زۆر لەســەر تایبەتمەنـدی وخواستەکانی نـەوەی نوێ دەکرێ، دەزانین مەبەست لەوانە نەوەی دوای راپەڕینە، بۆ نموونە ئەو نەوەیەی لە ساڵی 1991 دا تەمەنی دە ساڵان بووە، ئێستا قۆناغی زانکۆی تەواوکردووە، یان لە ساڵی پێش تەواو بوون دایە، کەواتە ئەو نەوەی باسی لێوەدەکەین، ئێستا وەك پسپۆر لەیەکێك لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵدا دەیەوێ بێتە ناو کار، یـاخود کـار بکـات. قـسەکردن دەربـارەی ئـەم نەوەیـە، بـەدەوری مەبەستێکدا دەخولێتەوە، کە دەیەوێ لە ناوەڕۆکی خواستەکانیان بگات و ئەو تایبەتمەندیانەش بزانێت کە لە نەوەی پێش راپەڕین جیایان دەکاتەوە، واتە ئەو نەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی فاشیزم وداگیرکار، یان لە ئاوارەیی و لە شاخ و لە بەرەنگاریدا ژییان. ئەوانەی دوایی، کە ئێستا دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری کوردستانیان لە دەستدایە، بە سەرسوڕمانەوە دەڕواننە رەفتار وخواست وهەڵوێسەکانی نەوەی دوای راپەڕین، تێیان ناگەن کە بۆچی هەستی نەتەوەییان لاوازە، گۆشەگیر ویاخین، نەك پشووددرێژ وشۆڕشگێڕ وهاوکار، دەپرسن بۆچی ئەوانەی لە وڵات رادەکەن وهەستی نیشتمانپەروەرییان تێدا کەمە، چما داواکارییەکانیان لەویستەکانی نەوەی پێشوو ناکات؟ بۆ بەرگەی ئازار و بێبەشبوون ناگرن ؟!

مەودایـەکی زۆر لـە نێوان پرسـیارەکانی نـەوەی پـێش راپـەڕین و ڕەتکردنـەوەی نـەوەی دوای ئـەودا هەیـە. ئـەوەی یەکـەم بەرەسـەن ونیعمەتی دەزانێت، دووەم بە ئاستەنگ و زیندانی دەزانێت وداوای گۆڕانی لێدەکات، نەوەی یەکەم کە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی وئیداریی و سیاسی بەدەستەوەیە، موحافیزانە رەفتار دەکا، ئەمەش نەوەی دووەم پتر بەوە یاخییبوون و سەرەنجام کۆچکردن و دەربڕینی نارەزایی وسازدانی خۆنیشاندان پەلکێش دەکات. با نموونەیەکی زیندوو بێنمەوە ، لەم دواییەدا خۆپیشاندان بەلای زۆرێك لە نەوەی نوێ بۆتە هۆیەك بۆ دەربازبوون لە حاڵەتی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ وهەستکردن بە نەبوونی خواست وداواکانی نەوەی نوێ، خۆپیشاندان وێناکردن و دەرخستنی کەسایەتی نەوەی نوێیە، لە تارمایی و تاریکی وبێدەنگی بۆ ڕۆشنایی و بوونی کەسایەتی لە بەرامبەر بوونی گرفتەکانی ژیان و فەراهەمکردنی خواست وهیواکانی نەوەی نوێ، بۆ لابردنی گرفت وکۆسپ لەبەردەم بەردەوامی ژیاندا، واتە خۆنیشاندان ئەوپەڕی بێزاری نەوەی نوێیە لە بەرامبەر نەبوونی و تاریکیدا ، بۆیە خۆپیشاندان بە مافێکی ڕەوای گەنجی ئێستا دەزانێ، کەچی ئەو مافەش قۆرغکراوە لەلایەن بەرپرسانەوە بۆ ئەوەی لەبەردەم میدیاکان بڵێن سەیرکەن وڵاتی دیموکراسییە ، بەهەمان دەستوور بەرپرسەکان بۆیە داواوخواستەکانی نەوەی نوێ جێبەجێ ناکەن، تابەردەوام گەنج بڕژێنە سەر شەقام و خۆپیشاندان بکەن، ئێمەش بڵێین ئەوەندە دیموکراسین تاسەر ئێسقان، ڕۆژانە خۆپیشاندان هەیە، لەبەر ئەم هۆیەش وەڵامی داخوازییەکان نادەینەوە تا وەکو خۆپیشاندان بەردەوام بێت. ئێمەش لە سەر کورسی دیموکراسی دانیشین ئەگەر هەر ئەم باسەی سەرەوەی خۆپیشاندان شی بکەینەوە، کە لێرەو لەوێ دەبینین نەوەی نوێ لە دیاردەیەکی بچووکدا جۆرێکی دیکەی لە یاخییبوونی خۆی نیشاندا تاکو خواستێکی زۆر بچووك و سەرەتایی خۆی دەربخات، داوا دەکات کۆمەڵ کەمێك دەرگاکانی بکاتەوە وسینگی خۆی فراوانتر بکات، کەچی دەنگێکی نموونەیی لە نەوەی کۆن بۆ مکومترکردنی دەرگاکان و بەرزەفتکردنی نەوەی نوێ لەژێر ناو و ناتۆرەی کولتوری جیاجیا، تەنانەت هەڕەشەی زیندانیکردن وخوێن ڕشتن دەکات، وەك لایەنێکی توندڕەو دژ بە گشت خواست و مافەکانی تری ژیانی نەوەی نوێ کار دەکات.

لێرەوە ڕۆڵی حکومەت دێتە بەر باس لێوە کردن، ئاخۆ نیاز هەیە ئیعتبارێك بۆ خواستەکانی نەوەی نوێ دابندرێت؟! چۆن ، کەی؟!

# ڕاگەیاندنی لۆکاڵ لە کوردستان

دکتۆر سەپان

**ئەو ڕاگەیاندنەی لە پایتەخت و شارە گەورەکان هەیە، خوێنەر، بینەر، بیسەر، لە سەرتاسەری وڵات بەزانیاری تەواو تێر ناکات، بۆیە دانیشتوانی شار و شارۆچکەکان، هەوڵ دەدەن ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان هەبێت، تا لە ڕێگای ئەوەوە، دەنگیان بگاتە جەماوەری خۆیان. بوونی ڕاگەیاندنی لۆکاڵ (ناوچەیی)، دیاردەیەکی جوان و پێشکەوتوخوازانەیە، ئەوەش وامان لێ دەکات، هەست بکەین، کە ئێمەی کورد لە جیهان دانەبڕاوین و بەشێکین لەو تۆپە خڕە.**

بە ئازاد بوونی کوردستان لە ئاداری 1991 بەرنامە بۆ زۆر پرۆژەی نوێ دارێژرا، یەك لەو پرۆژانە بایەخ دانی زۆر، بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی بوو. سەرکردایەتی کورد لە ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن گەیشتبوو، بۆیە دەیانویست زۆربەی شار و شارۆچکەکان، خاوەنی ڕاگەیاندنی خۆیان بن. کاری زۆر بۆ ئەم لایەنە کرا و پاش ماوەیەك، زۆربەی ناوچەکان، بوون بە خاوەنی ئێزگەی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆیان. ئەوان ئەم دەزگایانەیان دامەزراند، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر بیریان لە چۆنێتی پڕکردنەوەی بەرنامەکان نەکردوە.

دامەزراندنی ئەم دەزگایانە، ئەگەرچی وەك گوتمان بە پلان بوو، بەڵام نەبوونی کادری پێویست، لە بواری ڕاگەیاندن، بووە هۆی وەرنەگرتنی سوودی باش لەم دەزگایانە. لەو کات، سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ، ئەندامانی زۆر چالاکی حیزبەکان بوون. ئەوان لە پرۆسەی ئازاد کردنی کوردستان، بەشدارییان کردبوو، هەندێك لەوان جار بە جار لە بڵاوکراوەکانی شاخیش گوتاریان چاپ کرا بوو، بۆیە ڕاو و بیر و بۆچوونی کەسیان لەسەر ڕاگەیاندن، لە بەرپرسی حیزبی خۆیان لا گرنگ نەبوو. لەو کاتە ڕاگەیاندنەکە بە گوێرەی پێویست نەتوانیدرا سوودی لێ وەربگیرێ.

لەوانەشە لەبەر ئەوەی زۆر و بۆر بوو، سەرکردایەتی نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەم هەموو ئێزگە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی بکات. زۆر جار لەبەر نەبوونی کادری پسپۆڕ، گرفتی گەورەشیان تووش دەبوو. ڕۆژنامەنووسەکان نەیان دەزانی چۆن بابەتەکان بەرز بکەنەوە و سیاسییەکانیش ڕانەهێندرابوون، کە چۆن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس قسە بکەن. زۆر لە سیاسییەکانی ئەو کات نەیاندەزانی قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکەن و نەشیان دەزانی تەواوی پەیامی خۆیان بگەیەننە جەماوەر. زۆر لە سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی بەخەباتی خۆیان گەیشتبوونە ئەو ڕۆژە و ئازاد بوونی کوردستانیان بە ڕەنجی خەباتی چەندین ساڵیان دەزانی، لەگەڵ جەماوەر نەیان توانی زمانی هاوبەش بدۆزنەوە. ئەم نەزانینەش بۆشاییەکی گەورەی لە ڕاگەیاندن دروست کرد.

لێرە مەبەستمان باسکردنی ڕاگەیاندنی لۆکاڵ بوو، ڕاگەیاندنێك لە سەرەتاوە بە ئیفلیجی لەدایك بوو، بۆیە وەك پێویست، تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە بەکار و ئەرکی پیرۆزی خۆی هەڵبستێت.

ڕاگەیاندنی کوردی ڕاگەیاندنێکی حیزبییە، ئەو حیزبانەش، زۆر زیاتر یارمەتی دەزگا گەورەکان دەدەن، تا لۆکاڵ! ئەوەش لەبەر ئەوە نییە، کە ئەم ڕاگەیاندنە بە هی خۆیان لە قەڵەم نادەن، بەڵکو تا ئێستا، باش لە ڕۆڵی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە نەگەیشتوون. هیچ بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نازانێت ڕۆژنامەکەی "کوردستانی نوێ" دووەم ڕۆژ دەگاتە شارۆچکەی ئاکرێ، هەر ئەوانیش نازانن، "دە" دانە لە ڕۆژنامەکەیان بۆ شارۆچکەی شەقڵاوە دەچێت و نۆ لەوانە ئابۆنەن و دەیەمین ژمارەی نافرۆشرێت!



برادەرانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، نازانن"500" دانە لە ڕۆژنامەی "خەبات" لەگەڵ نزیکەی "200" دانە لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بۆ شاری دهۆك دەچێت. ئەوان نازانن، دەقەری بادینان پێویستی بە پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی "خەبات" بە دیالێکتی خۆیان هەیە! هیچ لەوان، لە خۆیان ناپرسن، بۆ ئاکرێ تەنیا "60" دانە لە ڕۆژنامەی "خەبات" و "دە" دانە لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ی بۆ دەچێت؟

ئەگەر لە ڕۆژنامەیەك یەك گوتار بە دیالێکتی کرمانجی چاپ نەکرابێت و باس لە گرفتەکانی ئەوان نەکات، بێگومان، ئەوانیش ڕۆژنامەکە ناخوێننەوە و بەهی خۆیانی لە قەڵەم نادەن!

ئەو سیاسییە بەڕێزانە یان سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ڕۆژانە، لەخۆیان ناپرسن، بۆ هەفتەنامەی "ئەڤرۆ" تەنیا لە کتێبفرۆشی هونەر لە شاری دهۆك 750 دانە بەیەك ڕۆژ دەفرۆشرێت!

ئەگەر ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزبەکان، بیر لە جەماوەری دەرەوەی پایتەخت نەکەنەوە، بە دیالێکتی ئەوان نووسینیان نەبێت، لەو کاتە ئەوان ناچارن، ڕاگەیاندنی خۆیان هەبێت و لەم ڕاگەیاندنەش باس لە بوون و گرفتی خۆیان بکەن.

لە کاتێکدا ئەگەر ڕۆژنامە ناوەندییەکانیش باسیان لە گرفتی سەرتاسەری کوردستان کردبا، دیسان بوونی ڕاگەیاندنی لۆکاڵ زۆر پێویست بوو.

بوونی ڕاگەیاندنی لۆکاڵ ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕۆژنامەکان بە ناوەڕۆك لاوازتر و بە ڕووکەش ناشرین تر بن، بەڵکو زیاتر ئەوان باس لە گرفتی خوێنەری خۆیان دەکەن و زمانی هاوبەش لەگەڵ ئەوان دەدۆزنەوە.

لات سەیر نەبێت، ئەگەر هەفتەنامەی تەمەن کورتی وەك "زاری کرمانجی" بە ناوەڕۆك و



راگەیاندنی لۆکاڵ، گواستنەوەو ناساندنی شوناسی ناوچەیەک..

دیزاین له ڕۆژنامەکانی خەبات و کوردستانی نوێ باشتر و پرۆفیشناڵتر دەربچێت! بەرنامەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکال بینەریان زۆر لە کەناڵەکانی ئاسمانی زۆرتر بێت، ئەگەر چی ئەو پارەیەی بۆ کەناڵەکانی لۆکال خەرج دەکرێت، زۆر کەمتریشە. بوونی ڕاگەیاندنی لۆکال بۆ هەموو نەتەوەیەك زۆر گرنگە و ئەوەش کارێکی نوێ نییە لە ڕۆژنامەگەری جیهانی.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو، ڕۆژنامە گەورەکان بە هەموو وڵات بڵاو دەکرێنەوە. بۆ ئەوەی خوێنەری زۆرتریان هەبێت، زۆرجار هەمان ڕۆژنامە، دانەی تایبەت بە ناوچەکانیش چاپ دەکات. ڕۆژنامەی DN ی سویدی، کە تیراژی 353200 دانەیە، چوار چاپی جیا و هەندێك جار زیاتریش بڵاودەکاتەوە. بۆ ئەوەی بەیانیان زوو بگاتە هەموو ماڵێکی سویدی، ڕۆژنامەکەیان لە چوار شوێنی جیا چاپ دەکەن. ئەگەر ئەوان ڕۆژنامەکەیان، لە چوار جێگای جیا و بە چوار جۆر چاپ نەکەن، خوێنەریان کەمتر دەبێت، بەمەش نرخی ریکلام کەم دەبێتەوە، لەو کاتە تەنیا لە شاری ستۆکهۆڵم ڕۆژانە 638 هەزار کەس نایخوێنێتەوە و هەمان ڕۆژنامەش بە خوێنەرانی ئینتەرنێتەوە ڕۆژانە ژمارەیان ناگاتە 1550000 خوێنەر.

لە وڵاتی سوید هەر زوو بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەی لۆکال کراوەتەوە. هەفتەنامەی کارلستادس تیدنینگن لە ساڵی 1879 دەردەچێت. ئەم شارە ئێستا دانیشتوانی نزیکەی 80 هەزار کەسە و خاوەنی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە و هەفتەنامەی کارلستادس تیدنینگنە.

ئەگەر باس لە رادیۆی لۆکال بکەین دەبینین لە سوید نزیکەی 114 ئێزگەی لۆکال بە ناوی "رادیۆی سوید" هەیەو لە هەمان کات نزیکەی 85 ئێزگەی سەر بە کەرتی تایبەتیش هەیە. ئەم ئێزگانە بایەخی خۆیان هەیە و دیارە بەبێ شك گوێگری خۆشیان هەیە. ئەگەر ئێزگە حکومییەکان، دەوڵەت یارمەتییان بدات، بەڵام ئێزگەکانی سەر بە کەرتی تایبەت، خۆیان، خۆیان دەژیێنن و بەهۆی ریکلامەوە پارە بۆخۆیان پەیدا دەکەن.

ڕاگەیاندنی لۆکال لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو، ئەوە ناگەیەنێت، کە بەرهەمەکانیان، بە ناوەڕۆك خراپ و بە رووکەش جوان نیین، بەڵکو ئەوان توانیویانە لەگەڵ ڕۆژنامە گەورەکانیش بەربەرەکانێ لەسەر بازاڕ بکەن. ژیان و مانەوەشیان تا ئێستا، نیشانی دەدات، هاوتەریب و یەکسان دەڕۆن.

لە وڵاتێکی وەك سوید، ڕاگەیاندنی لۆکال، باس لە گرفتی ئەوان دەکات، بۆیە جەماوەریش، وەك ئەرکێکی نیشتمانی پشتگیریيان لێ دەکەن. ئەوان بایەخی زۆرتر بە ڕاگەیاندنی ناوچەی خۆیان دەدەن تا شارە گەورەکان و ناوەندی، بەتایبەتیش لە پرسیاری کۆمەڵایەتی، شارەوانی...هتد.

ئەگەر باس لە کەناڵی تەلەفزیۆن بکەین، دیارە ئەوانیش کەناڵی لۆکاڵی خۆیان لە شوێنی جیا جیای وڵات هەیە نموونە: کەناڵی "چواری" سویدی شانزە کەناڵی لۆکاڵی لە سەرتا سەری سوید هەیە. ئەم کەناڵە ناوچەییانە پێش پەخش کردنی بەرنامەی دەنگوباس بۆ هەموو وڵات، دەنگوباسی تایبەت بە ناوچەی خۆیان، بە درێژی پانزە خولەك پێشکەش بە بینەرانیان دەکەن. لەو دەنگوباسانە، زۆرتر بایەخ بە ڕوداوەکان و گرفتی ئەوان دەدرێت. ئەگەر هەندێك لە ڕێپۆرتاژەکان، بۆ دانیشتوانی سەرتاسەری وڵات سەرنج ڕاکێش بێت، دیارە هەمان ڕێپۆرتاژ لە کاتی نیشاندنی دەنگوباس بۆ هەموو سوید، جارێکی تر لێ دەرێتەوە. لێرە نیشانی دەدات، کە ڕۆژنامەنووسانی لۆکال لە پیشەی خۆیان تەواو پسپۆرن و هیچیان لە هاو پیشەی خۆیان لە پایتەخت کەمتر نییە.

پەخشی دەنگوباسی لۆکال، هەموو جارەکان وەك نووسیمان، پانزە خولەك لە پێش نیشاندانی دەنگوباسی وڵات لێ دەدرێت. یانی هەر ناوچەیە و بە درێژی پانزە خولەك سەیری دەنگوباسی خۆی دەکات. لەم پانزە خولەکە، بینەر دەزانێت چ لە ناوچەی ئەو رویداوە. ئەمەش نزیك بوونەوەیەکی باشە و گرنگی دانی دەزگایە بە هەموو هاوڵاتیان.

یەکێك لە کارە باشەکانی دابەش کردنی ئێزگە و ستۆدیۆکان بەسەر تەواوی وڵات، ئەوەیە، کە زۆر جار ئەم ستۆدیۆیانەی لۆکال بەرنامەیان لێ ئامادە دەکرێت و بۆ هەموو وڵات پەخش دەکرێت. سوودی تریش لەم ستۆدیۆیانەی لۆکال، بانگ کردنی میوانە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پێویست لە بەرنامە ڕاستەوخۆکان.

ئەوانەی لەو بڕوایە دان، کە ڕاگەیاندنی لۆکال پێویست نییە، یان دەبێت کەمتر بایەخی پێ بدرێت، لە هونەر و دەسەڵاتی میدیا باش نەگەیشتوون.

# لە تیشکە درەوشاوەکانی ئاژانسی UPI



ئاژانسی UPI ی نێو دەوڵەتی ، ماوەی دە ساڵ جارێک جوانترین ریپۆرتاژو بە دواداچوونی رۆژنامەوانی لەسەر ئاستی جیهان هەڵدەبژێری و لە ماڵپەڕەکەیدا لە ژێر ناوی (بەدواداچوونی درەوشاوە) بڵاودەکاتەوە.

ئەو ریپۆرتاژانە بە جوانترین تەکنیکی رۆژنامەنووسی، یان جوانترین رووداوو، کە چاوی رۆژنامەنووس وێنای کردبێت ئەنجامدراون.

(کۆوار) هەم وەک کارێکی رۆژنامەنووسی، هەم لە پێناو ئاشناکردنی کادرانی نوێی میدیای کوردی بە هونەری رۆژنامەنووسی جیهانی، لە هەر ژمارەیەکدا رێپۆرتاژێک لە ئینگلیزیەوە دەکاتە کوردی و بڵاوی دەکاتەوە، بەو ئومێدەین ئەم پێنگاڤە سوود بەخش بێت.

**ئا/ ئاشنا جەماڵ**

---

## شۆڕشی هەنگاریەکان لە ساڵی 1956

# سەختترین شەڕ پرۆلیتاریە هەنگارییەکان کردیان

**تیشکە درەوشاوەکانی** 1951-1956

**لە (نێردراوەکانی بەرەی جەنگ) ساڵی** 1995**، لەلایەن**

**(هێنری هۆڵت و هاوەڵانی) لە نیۆرک چاپکراوە.**

**رۆسێل جۆنز**

---

**لەندەن/10ی کانونی یەکەم (ئاژانسی UPI)**

کۆمۆنیستە هەنگاری و مامۆستا رووسەکانیان تووشی گەورەترین (شۆک)بوون، کاتێک رووبەڕووی خەڵکانێك بوون زۆر بە سەختی شەڕیان دەکرد.

بە هیچ کام لەو چیرۆکانە باوەڕمەکە کە دەڵێن ئەم راپەرینە چەواشەکردنێك بوو، مەبەستی گەڕاندنەوەی زەوی و زار یاخود کارگە و پیشەسازیەکانی ناوچەی هۆرسی (Horthy)هەبوو. من بەچاوی خۆم دیت کێ بوون ئەوانەی شەڕیان دەکرد و بۆچ شەڕیان دەکرد.

یەکەم بەرگری چەکدارانە لە قوتابیانی ئامادەیی و زانکۆکان دەستی پێکرد، ئەو گەنجانەی کە دەستەبژێری حیزبەکانی دواڕۆژ بوون.

ئازاترین جەنگاوەر کرێکارەکان بوون، ئەو پرۆلیتاریانەی کە کۆمۆنیزم ناوەکەی ئەوانی کردە بەرگی خۆی، تەنانەت سوپای هەنگاری کە چەندین جار پاکسازی و چاکسازی تێداکرا، چووە ناو جەنگ لە پێناو سەربەخۆییدا، ئەوەی بەشداریشی نەکرد بەبێ لایەن ماوە.

دوو ناوی گەورە کە لەم شۆڕشە سەریان هەڵدا، هاوڕێی کۆمۆنیست (ئیمرا نیگای) کۆئەندامی حیزب و ئەفسەری یەکەم (پات مالیتەر) بوون، ئەمانە لە شەڕی دووەمی جیهان بۆ رووسیا کۆچیان کردبوو، دوایش وەك کۆمەڵەی پارتیزانی سوور گەڕابوونەوە.



## گەورەترین جەنگ لە 1956ی هەنگاریا، کرێکارەکان کردیان...

لەهەر جێگایەك پشکۆی راپەڕین سەری هەڵدا، زۆر بە خێرایی لەنێوان خەڵك تەشەنەی دەکرد، ئەو باڵەخانانەی رووخابوون، ئەو بینایانەی خاپوور کرابوون، لاشەی مردووەکان خۆیان بەڵگەی دیاری ئەم راپەڕینە بوون. باڵەخانەی کرێکارە شەڕکەرەکان بوون، کە لەلایەن چەکی سۆڤیەتیەکان تێکدرا، بینایەی کارگەکان ببوونە شوورە بۆ ئەو پیاوە لانەوازانەی کە پێڵاویان دڕاو و ناو لەپیان شەقار ببوو، ئەمانە بە هەزارانیان کوژران، ئافرەتەکان قژیان بە پەڕۆ گرێدابوو و جلی شڕی کارکردنیان لەبەربوو.

ئافرەتێکی تەمەن 17 ساڵان کە دووجار لە شەڕی کۆڤرین بریندار ببوو، پێی گوتم ئەو شەڕی دەکرد چونکە پێی وابوو ڕەوا نییە باوکی چوار منداڵەکەی مانگانە تەنها 900 فۆرەنت (80دۆلار) وەربگرێ.

لێپرسراوی ئەنجوومەنی کرێکاران لە کارگەی ئاسن و پۆڵای سیپل، گەورەترین کارگە لەم وڵاتە (3800) کرێکاری هەیە، گوتی: ئێمە تا مردن شەڕ دەکەین تا ڕێ لەمانە بگرین، لەهەمان کاتدا پارێزگاری لە کەرەستەکانی کارگەکەمان دەکەین، چونکە دەمانەوێت دوای وەستانی شەڕ لێرە کاربکەینەوە.

لە کانە خەڵووزی دۆڕۆگ، کرێکارەکانی خەڵووز، بەردەوام بوون لەسەر کارکردن، سەرەڕای مانگرتنە گشتیەکە، بەڵام ئەم کارکردنە بۆ بەرهەمهێنانی خەڵووزی بەردین نەبوو، بەڵکو نەیاندەویست کانەکانیان بەر لافاو بکەوێت.

هەمان هەڵوێست بۆ خەڵکی گوندەکان راستە، کرێکارەکان دەیانویست لە کۆمەڵگاکان دەربچن، بەڵام لەهەمان کاتدا نایانەویست زەوی بۆ ئاغاکانیان بگەڕێتەوە، ئەوان بڕوایان وابوو کە هەموو کەسێك مافی موڵکدارێتی و زەوی و زاری هەیە، هەر خێزانێك 100 ئەکریس (پێوانەیەکی زەوی)ی بەرکەوێت تاکو بە ئاسوودەیی بژی.

بۆ ئەم شتە سادە و ساکارانە بوو خەڵکی هەنگاریا دەجەنگان، ئەمانە و مافی قسەکردن و بیرکردنەوەی سەربەستانە و مافی هەڵبژاردنی ئازادانە و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە ئارەزووی خۆیان.

لەسەر ئەمانە بەبەردەوامی شەڕ دەکەن.

# ژنە خوێن خۆرەکە

هێمن عەلی

"کۆنتسیە ئەلیزابێس باسۆری" لە سەدەی شازدەهەمەوە لەبەرزایەکانی" قەربیزیا" ژیاوە، کۆنتسیە لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناوی بە " ژنە خوێن خۆرەکە " ڕۆییوە، کە لە مێژووی ئەوروپادا بە دڕندەترین ئافرەت دەناسرێت، چۆتە ناو ئەدەبیش، "برام ستۆکەر" ئەم کەسایەتیەی کردۆتە پاڵەوانی ئەفسانەی ناو کتێبەکەی بە ناوی (دراکۆلا).

بە گوێرەی زانیاری ناو دەفتەری تۆمارەکان "ئەلیزابێس" لەولاّتی هەنگاریا لە دایك بووە، سەرچاوە مێژووییەکان باس لە شۆخ و شەنگی ئەو ئافرەتە دەکەن، کە شێوەو ڕوخسارێکی زۆر جوانی هەبووە، هەروەها خاوەنی قژێکی ڕەنگ زەردی درێژ بووە، بەلاّم سرووشتەکەی پێچەوانەی جوانیەکەی بووە، کە سرووشتێکی "توندخوو" و "جینگەنە"ی هەبوو. " ئەلیزابێس " لەتەمەنی (25ساڵ) یەوە شوو بە ئەفسەرێکی ئەرستۆکراتی دەکات، کە بەمە بووە خانمی یەکەمی " قەلاّی چیچی " لە" قربیزیا، بەلاّم ئەو پیاوە بۆی نەبووە فریادڕەس، چونکە بەردەوام بۆ بەرەکانی جەنگ دەڕۆیشت، ئەویشی لەو قەلاّ تاریکە بە تەنیا جیّ دەهێشت، کە جەنگەکانیشی کۆتاییان نەدەهات ...

" ئەلیزابێس " لەو شێوە ژیانەدا تەواو بێزار ببوو، بۆ خۆ دەرباز کردن لەو پەستیەی کە تێی کەوتبوو، پەنای بۆ بەر خەیاڵ پلاّوی دەبرد، کە جیهانێکی زیندووی بە خەون وخەیاڵ بۆ خۆ چێکردبوو. بۆ پراکتیزەکردنی ئەو خەون و خەیالاّنە، لە یەکەم هەنگاویدا هەڵسا بە کۆکردنەوەی تاقمێکی ڕەش لە "جادووگەر و تەڵەکەچییەکان" و لە ناو قەلاّکەیدا داینان، کە فێرە " جادووی ڕەش "یان دەکرد. بۆ جێبەجیّ کردنی پیلانەکانی پێویستی بە ئامێر گەلێك هەبوو، کە لەدواییدا چەند ئامێرێکی پەیداکرد " گازێکی زیوین "ی بینیوە، کە بۆ پارچەپارچەکردنی گۆشت باش بوو، ئەوچەکەشی لە مێردەکەیەوە بۆی مابووەوە، کە لە ململانێی دەگەڵ عوسمانیەکان بەکاردەهێنا و دیلە تورکەکانی پیّ عەزاب دەدان. ئامێرێکی تریشی پەیداکرد کە بریتیبوو لە"قامچیەك"ی پێستیی ئەستوور، کە لەپووریەوە بەدەستی گەیشتبوو. " کۆنتسیە " زۆر هۆگری ئەو دوو چەکانە ببوو، کە لە ژیانیدا پێی بەنرخترین شت بوون. ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك بە تەنیا دەمایەوە، بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانیان بکات.

ساڵی(1604) ز، ساڵێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ " ئەلیزابێس "، چونکە لەو ئانەدا مێردەکەی کۆچی دوایی کرد، کەتەمەنی گەیشتبووە( 43ساڵ ) قۆناخی" تەمەنی نائومێدی" ( سن اليأس ). ئەلیزابێس " نەیدویست هەر بە بێوەژنی چۆکبدات و بیّ شوو بمێنێتەوەو ئارەزووی لە دۆستێکی نویّ بوو، تا شوێنی مێردەکەی بگرێتەوەو جارێکی دیکە شوو بکاتەوە، بەلاّم هەرکاتێك دەچووە پێش ئاوێنەکە سەیری وێنەکەی خۆی دەکرد بەو شێوە پیر بووە ئێگجار نیگەران دەبوو، هیوایەکانی یەکەیەکە بە زیندوویی دەمردن.

" ئەلیزابێس " زوو تێگەیشت کە ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونەی دای بوو، تا شێوە و ڕوخسارەکەی جوانتر و گەنجتر ببینرێت بیّ کەڵك بوون، نەك گۆڕانیان بەسەردا نەهێنا، بەڵکو زیاتر ناشرین و پیری کردبوو.

ئەو ژنە لە دەستپێکی تاوانەکانیدا، ڕووبەڕووی کێرکەرەکەی بووەوە، کە لەناو ماڵیدا خزمەتی دەکرد..زۆر گەوجانە شەقە زللەیەکی بەهێزی بەڕوودا کێشا، ئینجا بەنینۆکە درێژەکانی بەربووە گیانی و جەستە ناسك و نەرمۆڵەکەی لە خوێن سوورکرد، چونکە وای چووبووە ئەقڵ گەر خوێنی لە هەربەشێکی لەشی هێنا، ئەوا بەو خوێنە جوانتر و لاوتر دەردەکەوێت !

(خەیمائییەکان) کە جۆرێکن لە جادووگەریی زیانبەخش، ئەوانە باوەڕیان بەخوێن ڕێشتن هەبوو، کە " خوێن " چارەسەری دەردی پیربوون دەکات، ئەویش بە خواردنەوەی خوێنی کیژۆلەیەکی جوانکیلە، یان بە خۆشوشتنی خوێنەکەی، ئەوا بەو خوێنە تا هەتایە بە گەنجی دەمێنێتەوە.

(ئەلیزابێس) ش لەسەر ڕاسپاردەی ئەو تاقمە دەستی بەم کارەکرد، ئەم کارەشی خستە شەوانەوە، لەتاریکی نیوەشەودا دەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزی خۆی بەناو لادێیەکاندا دەسوڕان و ماڵەکانیان دەپشکنی تا بەشکو لە کیژۆڵەیەکی جوانکیلە ڕاستبێن و تا بە قۆڵ بەستراوی دەگەڵ خۆیان بەرەو ناو قەلاّیەکەی ببەن. لەوێوەش هەڵیاندەواسی و خوێنەکەیان دەردەکێشا تا " کۆنتسیە " خۆی پیّ بشوات.

ئەو ژنە تۆقێنەرە بۆ ماوەی (پێنج ساڵان) لەسەر ئەو کردارە

بەردەوام بوو، تا لە دواییدا تێبینی کرد، کە لە خوێنی لادێیەکان سوودمەند نەبووە ، بۆیە لە ساڵی(1609) وازی لە کیژۆڵە گوندیەکان هێنا، ئەمجارەیان سەنگەرەکەی بۆناو چینی خانەدانەکان گواستەوە.

پاش ئەوەی پێشنیارێکی بۆ25 ئافرەت کرد، کە گوایە فێری زانستی کۆمەلآیەتیەکانیان دەکات، دوایی ئەم فێرەگەیە بووە دانیشگایەکی بەناوبانگ و لەسەرتاسەری ئەوروپادا دەنگی دایەوە و ئەم دانیشگایەشی بە یارمەتی دەستەخوشکەکەی بەناوی "دوروتا زینتس" بەڕێوە دەبرد، کەناوبانگی بە ( دوروکا ) دەرکردبوو. هەروەها ناوی لەنێو خەڵکیدا بە گەوادی کۆنتسیە ڕۆیبوو. چونکە پێشتریش هەر بە هاریکاری ئەو، شەوانە بۆ ڕاوە کیژ دەچوون.

لە دانیشگایەکەیەندا هەمان ڕەفتارە نامرۆییەکانیان دەگەڵ خوێندکارە کچەکان دەکرد،وەك چۆن پێشتر ڕەفتاریان دەگەڵ کچەکانی تر کردبوو، بەلآم لەو ئاندا جارێکیان زۆر بە کەمتەرخەمیەوە ئەو کارەیان ئەنجامدا، ئەویش لەپاش ئەوەی چوار کیژی جوانیان سەربڕی کە خوێندکاری خۆشیان بوون، وەك هەموو جارێ خوێنەکەیان بەکاردەهێنا، بەلآم ئەمجارەیان تەرمەکانیان فڕێدایە دەرەوەی شورای قەلآیەکە. پێش ئەوەی ئەوان بە ئاگابێنەوەو هەست بەو هەڵە گەورەیە بکەن، تازە کار لەکار ترازابوو، خەڵکی ئاوایی لاشەکانیان دیبوو. تەرمەکانیان یەکسەر بۆشوێنێکی دوور گواستەوە تاکو بناسرێنەوە، بەمە نهێنی تاوانەکانیان یەکە یەکە ئاشکرابوون.

هەواڵی تاوانە سامدارەکانی ئەو ژنە بە هەموو شوێن و کەلەبەرێکی وڵات بلآوبووەوە، چیرۆکی تاوانەکانی ببوونە قسە و باسی ڕۆژانەی خەڵکی، کە بەسەیرو سەمەرە بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. ئەم هەوالآنە کەوتنە بەرگوێی ئیمپراتۆری هەنگاریش، ماتیۆسی دووەم، کە یەکسەر فەرمانیدا بە دەست بەسەرکردنی "کۆنتسیە" و، ڕاکێشانی بۆ بەردەم دادگا و " دادڕەس "تا دادگایی بکات.



## ئەوانەی ژیان دەکەن بە دۆزەخ

بەلآم بە حوکمی ئەوەی ئەو ژنە لە چینە ئەرستوکراتەکان بوو، بۆیە هەروا ئاسان نەبوو، ڕقی لێ هەڵبگرن. لەبەر ئەم هۆکارە پادشا پەرلەمانی ئاگادار کردەوە، تاکو لەسەر ئەم کێشەیە دانیشتنێکی بەپەلە ئەنجامبدەن، لە کۆتایی دانیشتنەکەیدا پەرلەمان بڕیارێکی نوێی دەرکرد " کە نابێت بەهیچ شێوەیەك لە تاوانەکانی ئەم تاوانبارە خۆشبن ".

بەپێی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە بەرایییەکان لەدانپێدانانەکانی دەرکەوتووە کە لەساڵی (1610)تۆمارکراون، دەڵێن: " زیاتر لە (600) ئافرەتی کوشتووە" .

لە کۆتایی دادگایی کردنەکەیاندا، بڕیاری خنکاندنی سەرجەم دارودەستەکەی "کۆنتسیە" دەرچوو " دوروکا" یان لە سێدارەدا و هەموو جادووگەرەکانیشیان بە زیندوویی سووتاندن، بەلآم دیسان نەیانتوانی ئەم بڕیارە بەسەر " کۆنتسیە " بسەپێنن و لەسزای کوشتن ڕزگاریی بوو، ئەمەش لەبەر هۆی ڕەسەنایەتی، چونکە لە توخمی خانەدانەکان بوو، سزاکەشیان بۆ بەندیی هەتا هەتایی سووك کرد و لەژوورێکی بچووکی تەنیادا زیندانی کرا، خواردنشی لە زیندان تەنها پاشماوەی ئێسك و پرووسکی گیانەوەرانیان دەدایێ، بەو خواردنە پیسانە نەخۆش کەوت کە لەناو هەناویدا چەکەرەیان کردبوو، تا لەدوای (چوارساڵ) زیندانی لەناو زینداندا مرد، بەبێ ئەوەی تەنیا بۆ یەکجاریش وشەی " پەشیمانم "ی بە زاردابێ و. بێژێت: " پەشیمانم ".

سەرچاوە:أشهر النساء الشريرات فی العالم.

heminalia@yahoo.com

نیسانی